ئەم توێژینەوەیە لە ژمارە ١٩٧ و ١٩٨ ی گۆڤاری ڕامان ساڵی ٢٠١٣ بڵاو کراوەتەوە

# جووت ستانداردەکەی ئەمیری حەسەنپوور و ئەفسانەکانی

سوداد ڕەسووڵ

## پێشەکی

پرۆسەی بەستانداردکردن لەهەر زمانێکدا لە قۆناغێکی مێژوویی دەست پێ دەکات، پاش ئەوەی یەکێک لە لەهجەکانی ئەو زمانە دەبێت بە زمانی نووسین و ئەدەب؛ ئەو لەهجەیە بە ڕادەیەکی ئەوتۆ بایەخ پەیدا دەکات، سنووری ناوچەکەی خۆی دەبڕێت و دەسەڵاتی زمانی بۆ ناوچەکانی دەوروپشتی بڵاو دەکاتەوە. سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم و بڵاوبوونەوەی، نەخشێکی گرنگ و بەرچاو بۆ بەستانداردکردنی زمانی نەتەوە دەگێڕێ، بۆ ئەوەی گشت ئەندامەکانی ئەو نەتەوەیە لە ژێر چەتری زمانێکی نەتەوەیی و نیشتمانیدا کۆ بکاتەوە. دەوڵەتی نەتەوەییش زمانێکی نەتەوەیی یەکگرتوو و سەرانسەری بۆ خوێندن و کارگێڕی پێویستە. گەلێک لە زمانەکانی ئەوروپا هەر لەسەدەی شازدەم و حەڤدەمەوە دوای بڵاوبوونەوەی بیری ناسیۆنالیزم پرۆسەی بەستانداردکردنی زمانەکانیان دەست پێ کردووە، بۆ زیاتر چەسپاندن و ڕێکوپێککردنی لە ڕووی ڕێزمان، زاراوەسازی، ڕێنووس، دەنگسازی....تاد تا ئەمڕۆش بەردەوام لەناو ئەو پرۆسەیەدان، واتە بەستانداردکردن، پرۆسەیەکە و تەواو نابێ و زمان بەردەوام پێویستی بە پەرەپێدان و پێشخستن هەیە.

زمانی کوردی بە لەهجەی کوردیی ناوەندی، لە باشووری کوردستان، سەد ساڵێکە پرۆسەی بەستانداردکردنی دەست پێ کردووە و لەم ڕووەوە لە گشت لەهجە سەرەکییەکانی دیکەی زمانی کوردی لە پێشترە و قۆناغێکی گرنگی ئەم پرۆسەیەی بڕیوە، ئەگەر کۆسپ نەخرێتە بەردەم پێشکەوتنی، ئەوە ئاسۆیەکی گەش لەبەردەم پاشەڕۆژی زمانی کوردیدا دەبێت. کوردیش وەک هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئەم سەر زەوییە دەبێ بە خاوەن زمانێکی ستانداردی یەکگرتوو.

یەکێک لەو کێشە زۆر ناسکانەی کە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان بۆ زمانی کوردی هاتووەتە پێش، کێشەی بە دوو ستانداردکردنی ئەم زمانەیە، لەنێوان دوو لەهجەی

سەرەکی کوردیی ناوەندی(١) و کوردیی باکووردا، بە تایبەت ئەو بنلەهجەیەی کە لە بادینان قسەی پێدەکرێ. لە مێژووی بەستانداردکردنی زمانەکاندا، وەک باوە، تەنیا لەهجەیەک هەڵدەبژێردرێ بۆ ئەوەی ببێتە بنەڕەتێک بۆ زمانی ستاندارد، هەڵبژاردنی دوو لەهجە و دوو زمانی ستاندارد، دیاردەیەکی نامۆیە لە پرۆسەی بەستانداردکردنی زمانی نەتەوەیەکدا.

یەکێک لە سەرسەختترین بانگەشەکار و لایەنگرانی ئەم جووت ستانداردییە دکتۆر ئەمیری حەسەنپوورە. هیچ گومان لەوەدا نییە کە ناوبراو لەبواری لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی و پرسی بەستانداردکردنی هەوڵێکی جددی داوە. تێزی دکتۆراکەی بەناوی « ناسیۆنالیزم و زمان لە کوردستان ١٩١٨- ١٩٨٥»[٢] لێکۆڵینەوەیەکە سەبارەت بە ڕەوتی پەرەسەندن و بەستانداردبوونی زمانی کوردی. چ لە نامەی دکتۆراکەی و چ لەو باسانەی کە بەمدواییە لەمەڕ ئەو بابەتە بڵاوی کردووەتەوە، هەمیشە پێداگری لەسەر ئەو خاڵە دەکات و دەڵێ: زمانی کوردی وەک زمانی نەرویجی و ئەرمەنی و ئەلبانی جووت ستانداردە (٣). بۆچوونەکانی لەمەڕ جووت ستانداردی ئەم زمانانە و بەراوردکردنیان لەگەڵ زمانی کوردی، کۆمەڵێک کێشە و کەموکووڕی لەخۆ گرتووە، کە شیاوی ئەوەن ڕەخنە و توێژینەوەیان لەسەر بکرێ. ئەمە بێجگە لەوەی لە نووسینی دیکەی هەر لەسەر ئەم بابەتە

---

١ – چەندین دابەشکردنی جیاواز سەبارەت بە لەهجە سەرەکییەکانی زمانی کوردی هەیە. ئێمە لەم باسەدا پشت بە دابەشکردنەکەی دکتۆر فوئاد حەمە خورشید دەبەستین کە زمانی کوردی بۆ چوار لەهجەی سەرەکی دابەش کردووە: لەهجەی کرمانجیی باکوور، لەهجەی کرمانجیی ناوەڕاست، لەهجەی کرمانجیی باشوور، لەهجەی گۆران. لەم توێژینەوە ناوی کرمانجی لادراوە لە جێگەی کوردی دانراوە، بۆ کرمانجیی ناوەڕاست، کوردیی ناوەندی دانراوە، چونکە ئێستا ئەم ناوە بۆ ئەم زارە کوردییە زیاتر باوە. کوردیی ناوەندی ئەم بنزارانە دەگرێتەوە: موکری، سۆرانی، ئەردەڵانی، سلێمانی، گەرمیانی. ئەمڕۆ بە هەڵە لە نێو خەڵک و هەتا ڕادەیەک لە نووسینیش بە تایبەت لە نووسینەکانی ئەمیری حەسەنپوور ئەم لەهجە سەرەکییە بە سۆرانی ناو دەبرێ، ئەمە لە کاتێکدا سۆرانی تەنیا بنزارێکی ئەم لەهجە سەرەکییەیە.

بڕوانە: الدكتور فؤاد حمه خورشيد، اللغة و اللهجات الكوردية، دار الثقافة و النشر الكردية، بغداد، ٢٠٠٥.

2- Amir Hassanpour, Nationalism and Language in Kurdistan, 1918-1985. San Francisco, Mellen Research University Press, 1992.

٣ – ئەمیری حەسەنپوور، کوردی وەک زمانێکی جووت ستاندارد. بڕوانە ئەم ماڵپەڕە:
http://www.kurdishacademy.org/؟q=node/22 accessed 2012.

بە ناوی «شۆڤێنیزمی سۆرانی و ئەفسانەکانی»(٤) زۆر بە توندی ڕەخنە لە پرۆسەی تاک ستانداردی زمانی کوردی دەگرێ و بە «شۆڤێنیزمی سۆرانی» لە قەڵەمی دەدات.
جووت ستانداردی زمانی بۆ نەتەوەیەک، ڕاستییە، یان ئەفسانە؟ تا چ ڕادەیەک ئەو زمانانە کە نووسەر ناویان دەبات، لە وڵاتەکانیاندا جووت ستانداردن؟ جووت ستانداردی، ئەگەر هەشبێ، تا چەند دیاردەیەکی ڕاست و گونجاوە لە زمانی نەتەوەیەکدا؟ لەم باسەدا، هەوڵ دەدرێ بە توێژینەوەیەکی ئەکادیمی تیشک بخەینە سەر چەند لایەنێکی جووت ستانداردی زمانەکانی ئەم وڵاتانە و بەراوردکردنیان لەگەڵ بارودۆخی زمانی کوردی. لە دواییشدا دێینەوە سەر تاوتوێکردنی شۆڤێنیزمی زمانی لە باشووری کوردستان کە ئەو ناوی ناوە «شۆڤێنیزمی سۆرانی»!.

## زمانی نەرویجی، جووت ستانداردی یەک زمان، یان دوو زمان؟

نەرویج یەکێکە لە وڵاتە ئەسکەندیناڤییەکان، زمانەکەیان سەر بە زمانە جەرمەنییەکانی باکوورە کە لەگەڵ زمانە دراوسێکانی دەوروبەری وەک سویدی و دانیمارکی بە شێوەیەک لەیەک نزیکن، دەتوانن هەتا ڕادەیەک لەگەڵ یەک گفتوگۆ بکەن. نەرویج دانیشتوانی ٤.٣ ملیۆنە لە ٩٧٪ ی خەڵکەکەی لە ڕووی نەژادی و نەتەوەییەوە نەرویجین.
یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی زمانی نەرویجی جووت ستانداردبوونیەتی بە ڕەسمی بۆ دوو زمان: بۆکمۆل Bokmal (زمانی کتێب) کە نزیکەی لە ٨٣٪ قوتابخانەکانی نەرویج بە زمانی ستانداردی بۆکمۆل دەخوێنن، تەنانەت بۆ خوێندنی باڵا بۆکمۆل ڕێژەکەی لەوە زیاترە.
ستانداردی دووەم زمانی نینۆرشک Nynorsk (نەرویجی نوێ)یە کە تەنیا لە ١٧٪ قوتابییان بەو زمانە دەرس دەخوێنن، زۆربەی ئەو قوتابییانەش کە بە خوێندنی باڵا دەگەن زمانەکەیان بۆ بۆکمۆل دەگۆڕن، بۆیە دەکرێ بگوترێ بۆکمۆل زمانێکی ستانداردی باڵادەستی ژیانی گشتیی ئەو وڵاتەیە، هەرچی نینۆرشکە، ئەوە بە شێوەیەکی ڕێژەیی بۆ ئەدەب و شانۆ و زانکۆ بەکار دێت، بەڵام بەکارهێنانی لە بواری ئیشوکار و پیشەسازی، بایەخێکی ئەوتۆی نییە. بۆکمۆل لە هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی نەرویج بەکاردێت، هەرچی

٤ – ئەمیری حەسەنپوور، شۆڤینیسمی سۆرانی و ئەفسانەکانی، بەشی یەک، هەفتەنامەی فەرهەنگ، پاشکۆی ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە ٢٢، ئاداری ٢٠١٠.

نینۆرشکە لە ڕۆژئاوای وڵات لەدەرەوەی شارە گەورەکان بەکار دێت(٥). ئەم دوو ستاندارده لەم وڵاتە چۆن سەریان هەڵدا؟

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، نەرویج زمانێکی پێشکەوتووی نووسینی هەبووە، کە بە نەرویجی کۆن Old Norse ناسراوە، بەڵام دوای کۆتایی هاتنی مەملەکەتی نەرویجی لە سەدەی چواردەم بۆ پازدەم، زمانەکەش بایەخی خۆی لەدەست داوە، وەک زمانی نووسین چیدی بەکار نەهاتووە. لەکاتی حوکمڕانی دانیمارکی – نەرویجی (١٣٨٠-١٨١٤) زمانی نووسین لە نەرویج تەنیا زمانی دانیمارکی بوو، کە لەگەڵ نەرویجی تەواوێک لەیەک نزیکن. لە ساڵی ١٨١٤ نەرویج لە دانیمارک جیا دەبێتەوە و دەبێت بە وڵاتێکی سەربەخۆ، بەڵام دواتر لەگەڵ شای سوێد یەکێتییەک پێک دێنن و تا ساڵی ١٩٠٥ بەردەوام دەبێت(٦).

دوای جیابوونەوەی نەرویجییەکان لە دانیمارکییەکان، نەرویج دەبێت بە وڵاتێکی خاوەن دەستوور و پەرلەمانی خۆی. دوای سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم و پەیدابوونی حکوومەتی دیموکراتی لە وڵات، نەرویجییەکان لەتەک سوێدی و دانیمارکی، خۆیان بە نەتەوەیەکی سەربەخۆ دادەنا، کەچی لە وڵاتەکەیان زمانێکی ڕاستەقینەی نەتەوەیی نەرویجییان نییە، ئەو زمانەی کە بۆ نووسین بەکار دێت و لە قوتابخانەکان دەخوێندرێ، زمانێکە بە ئەسڵ دانیمارکییە، تەعبیر لە هەستی نەتەوایەتی نەرویجییەکان ناکات. زۆر لە خەڵکی نەرویج پێیان وابوو: بۆ نەتەوەیەکی سەربەخۆی وەک نەرویج زۆر نابەجێیە زمانی ستانداردی نووسینیان بە ئەسڵ دانیمارکی بێ و نەرویجی نەبێ(٧). لەو سەروبەندەدا سێ ڕێگەیان لەبەردەم بوو، یەکەم: ئەو زمانە نووسینەی کە بە ئەسڵ دانیمارکییە وەک خۆی بهێڵنەوە، دووەم: هەر ئەو زمانە دانیمارکییە بە نەرویجی بکرێ، ئەمەش لە ڕێی دەستکاریکردنی ڕێنووسەکەی، وشەکانیشی وەک نەرویجی گۆ بکرێن، سێیەم: یان زمانێکی نووسینی نەتەوەیی نەرویجی نوێ لەسەر بنەڕەتی لەهجەکانی نەرویجی دابهێنرێت. ڕێگەی یەکەمیان ڕەت کردەوە، دوو ڕێگەکەی دییان پەسند کرد(٨).

---

5 -Johan Myking, Standardization and language planning of Terminology: the Norwegian experience, International Congress on Terminology, Donostia? San Sebastian, 1997.

6 - Ernst Håkon Jahr, Norwegian, Germanic Standardizations, past to present, edited by Ana Deumert and Wim Vandenbussche, John Benjamins Publishing Company Amsterdam /Philadelphia, 2003. P.331.

7 - Ibid., p.331.

8 - Brief History of the Norwegian language? A summary of 1500 years.

بۆ درێژەی ئەم باسە بڕوانە ئەم ماڵپەڕە:

دوو زمانناسی نەرویجی کنود کنودسێن Knud Knudsen (١٨١٢–١٨٩٥) و ئیڤار ئاسێن Ivar Aasen (١٨١٣–١٨٩٦) دوو سیستمی زمانی نووسینی نەرویجییان پەرە پێ دا کە ئەم دوو زمانە ستانداردەی ئەمڕۆی نەرویجی لێ هاتووەتە بەرهەم.
کنود کنودسێن هەوڵی دا ئەو زمانە دانیمارکییە کە ماوەیەکی درێژە زمانی نووسینە لە وڵات، هەنگاو بە هەنگاو زیاتر بە نەرویجی بکات، ئەمەش لە ڕێی دەستکاری کردنی ڕێنووسەکەی و گۆڕینی شێوەی نووسینەکەی (spelling) و بە دەنگی نەرویجییش بێژە بکرێت، بۆ ئەوەی نۆرمێکی جیاواز وەرگرێت و لە نووسینی دانیمارکییەکە دوور کەوێتەوە. بۆ نموونە لە جێگەی پیتی b، d, g ی دانیمارکی، پیتی p, t, k دابنرێت، بە گوێرەی بێژەکردنی نەرویجییش بێژە بکرێت، وەک وشەی tag ی دانیمارکی لە بۆکمۆل دەبێ بە tak، واتە سەربان.(٩) لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم ئەم زمانە زیاتر پەرەدەستێنێ زیاتر ڕەنگی نەرویجی وەردەگرێ تا دانیمارکی؛ لە ساڵی ١٩٠٧ ناوی ڕیکسمۆلی Riksmal (زمانی وڵات)ی لێ دەنرێ. دوای ئەوە زمانەکە زیاتر ڕیفۆرمی تێدا دەکرێ و لە ساڵی ١٩٢٩ بە ڕەسمی ناوی دەبێتە بۆکمۆل Bokmal واتە (زمانی کتێب).
لەلایەکی دیکەوە ئیڤار ئاسێن لە تەمەنی ٢٢ ساڵی دەستی بەکار کرد، بۆ بەدەستهێنانی زمانێکی نووسینی نەتەوەیی نەرویجی، بەرنامەیەکی ڕادیکاڵی گرتە بەر. ئەو پێی وابوو زمانی پەتی و ڕەسەنی نەرویجی لە نێو لەهجە گوندنشینەکانی ڕۆژئاوای نەرویجە، ئەو شوێنە کە لە دووری دانیمارکە و زمانەکەیان تێکەڵ بە زمانی دانیمارکی و زمانە بێگانەکان نەبووە. ئەو زمانەی کە ئەو پەرەی پێ دا، زمانێک بوو ئەدگار و پێکهاتی کۆمەڵێک لەهجەی گوندەکانی نەرویجی لەخۆ گرتبوو، ناوی نا لاندسمۆل Landsmal، واتە زمانی نەتەوەیی. ئەم زمانە زیاتر تەعبیری لە هەستی نەتەوایەتی و شانازییەکانی نیشتمانی دەکرد(١٠). وەڵامدانەوەیەک بوو بۆ ئەو هەستە ناسیۆنالیستییە کە لە نێو نەرویجییەکان لە جۆش و خرۆشدا بوو. بەرهەمی کارەکەی لە نێوان ساڵانی ١٨٤٨ تا ١٨٧٣ لە چەندین کتێب بڵاو کرایەوە. دواتر لە ساڵی ١٩٢٥ ناوەکەی بە ڕەسمی دەبێ بە نینۆرشک Nynorsk، واتە

---

http://www.norwaves.com/brief-history-norwegian-language-summary-1500-years.html accessed 2012.

9 - Gjert Kristoffersen, The phonology of Norwegian, Oxford University Press, 2000, p.5.
10 - Larson Karen A, Learning without lessons: socialization and language change in Norway, University Press of America,1985, p.40.

نەرویجی نوێ. ئەو زمانە هەرچەندە بە ئامانجێکی نەتەوەیی و نیشتمانی هاتە کایەوە کە لە پێشدا برەوێکی باشی دەبێت بۆ خوێندن، بەتایبەت لە نێو خەڵکی گوندنشین و دانیشتوانی رۆژئاوای نەرویجدا، بەڵام نەیتوانی جێگە بە زمانی بۆکمۆل لەق بکات. بۆکمۆل تا دەهات بایەخی زێدەتر دەبوو.

ئەم دوو زمانە ستانداردە لە وڵات بێ کێشە و گرفت نەبوون، سەربارى خەرجییە زۆرەکەی، کۆمەڵێک کێشە و گرفتی بۆ قوتابخانەکان و سیستمی خوێندنی وڵاتەکە خوڵقاندووە. بۆ نموونە لە هەندێک قوتابخانەدا کە بە زمانی نینۆرشک دەخوێنن، هەندێک کتێبی قوتابخانە، یان هەندێک سەرچاوەی گرنگی خوێندن بەو زمانە لە کتێبخانەکاندا دەست ناکەون، ئیدی ناچار دەبن لە پاڵ زمانەکەی خۆیان زمانی بۆکمۆل فێر بن، چونکە زیاتر لە ٨٠٪ی کتێب بەو زمانەیە، بۆیە زۆربەی قوتابییان بۆ خوێندنی زانکۆ واز لە نینۆرشک دێنن و بۆکمۆل فێر دەبن، هەر بۆیەشە ژمارەی ئەو قوتابییانەی کە بە نینۆرشک دەخوێنن ڕوو لە کەمی دەکات(١١). بوونی ئەم گیروگرفتانە و چەندین گرفتی دی، بەتایبەت کاتێک لایەنگرانی ئەم دوو زمانە لە ڕووی چینایەتی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە ڕووبەڕووی یەکدی بوونەتەوە. لایەنگرانی نینۆرشک لە وڵاتەکەدا خۆیان بە کەمینەیەک دەزانن، دەیانەوێ زمانەکەیان زیاتر بایەخی پێ بدرێ و لە هەموو بوارێکدا بەکار بێت(١٢)، هەروەها پێیان وایە کە زمانی ئەوان زمانی خەڵکی گوند و جووتیارانە، نەرویجی ڕاستەقینە جووتیارەکانن، زمانەکەشیان نەرویجی ڕەسەنە؛ حزبی سیاسی پەیدا بوون پشتگیرییان لەو سیاسەتە دەکرد. بەرەکەی دی زمانەکەی خۆی پێ زمانی خەڵکی شار و زمانی ڕۆشنبیر و چینی سەرەوەی کۆمەڵگەیە، ئەمە هەرچەندە لە پەرلەمانی وڵات هەردوو زمانی ستاندارد بە ڕەسمی ناسێنراون. لە ساڵی ١٩٠٧ پەرلەمانی نەرویجی بڕیاری دا بۆ هەموو ئەو قوتابییانەی کە لە قوتابخانەی باڵا خوێندن تەواو دەکەن دەیانەوێ بچن بۆ زانکۆ دەبێ لە تاقیکردنەوە بە هەردوو زمان دەربچن ئەوجا دەتوانن درێژە بە خوێندنی زانکۆ بدەن؛ بەهۆی ئەم بڕیارەوە کێشە و ناڕەزاییەکی زۆر کەوتە نێوان هەردوو بەرەی زمان، ئەمە لە کاتێکدا کە زۆربەی قوتابییانی قوتابخانەی باڵا زمانی نینۆرشک نازانن، ئیدی لایەنگرانی بۆکمۆل لەو بڕیارە تووڕە بوون و پێیان وابوو کە ئەم

11 - Ibid., p. 43.

12 - Johan Myking, Standardization and language planning of Terminology: the Norwegian experience, p.3.

بڕیارە وروووژاندنێکی ئاشکرایە لە دژیان و لە بەرژەوەندیی لایەنگرانی نینۆرشکە. ئەم کێشە و ململانێیە لە نێوان هەردوو ستاندارد لە سەرەتای سەدەی بیستدا گەیشتە ڕادەیەک خەریک بوو هەڕەشە لە یەکێتیی نەتەوەیی نەرویجی بکات، ئەو نەتەوەیە کە ئەم هەموو ساڵە لە ژێر حکومڕانی بێگانەدا بووە، تازە سەربەخۆیی نیشتمانی بەدەست هێناوە، ئەمڕۆ ئەم نەتەوەیە لەسەر بنەمای زمان بۆ دوو بەرەی جیاواز دابەش بوون و بەرانبەر بەیەک وەستاون، هەر بەرەیەک دەیەوێ زمانەکەی خۆی سەرکەوێ. ئەوانەی لە خەمی ئەم کێشەیەدا بوون، پێیان وابوو کاتی ئەوە هاتووە ڕێگەچارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە. فۆلکلۆرناس مۆلتکە مۆ Moltke Moe (١٨٥٩– ١٩١٤) لە ساڵی ١٩٠٧دەستی بە ڕیفۆرمی زمان کرد بۆ ئەوەی یەکێتی بۆ زمانی نەرویجی بگێڕێتەوە، پێشنیازی کرد هەردوو زمان دەبێ ڕەچاو بکرێن، هەردوو ستانداردەکە پێویستە وردە وردە لەیەک نزیک بکرێنەوە زمانێکی هاوبەشی نووسین بە ناوی سامنۆرشک Samnorsk واتە نەوریجیی هاوبەش، دروست بکرێت(١٣). ئەم پرۆژەی زمانی هاوبەشی نەرویجی بۆ ماوەی سەدەیەک لەلایەن شارەزایانی زمان و چینی ڕۆشنبیران و حکوومەتی نەرویجی زۆر بەگەرمی مشتومڕی لەسەر دەکرا، بۆ ئەوەی هەرچۆنێک بێ ڕێگە چارەیەک بۆ ئەم جووت ستانداردییە بدۆزنەوە و نەتەوەی نەرویجی لەم کێشەیە ڕزگار بکەن، نەرویجیش وەک هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئەوروپا ببێ بە خاوەن یەک زمانی ستانداردی نووسین. لە پێشدا ئەم پلانە لە نێو خەڵکی نەرویج لایەنگیری زۆر بوو، بەڵام دواتر ناڕەزایی زۆر دەبێت، تا لە ساڵی ٢٠٠٢ پەرلەمانی نەرویجی بە ڕەسمی ڕای دەگەیەنێت کە پرۆژەی سامنۆرشک سەرکەوتوو نەبوو، بە شێوەیەکی سیاسی واز لەو پرۆژەیە دەهێنرێت و چیدی نابێتە جێگەی باس، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٥ پێشنیازی ڕیفۆرمکردنی بۆکمۆل دەکرێت، ئەو زمانە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە نەرویج بایەخی لە زیادبووندایە(١٤).

لەبەر ڕۆشنایی ئەم باسەی سەرەوە سەبارەت بە سەرهەڵدانی هەر دوو ستانداردی نەرویجی بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەوەی لەوێ بە جووت ستاندارد ناسراوە، ئەمە لە بنچینەدا دوو زمان بووە نەک دوو لەهجەی یەک زمان. زمانی بۆکمۆل وەک پاشماوەی

---

13 - Ernst Håkon Jahr, The standardization of modern Norwegian: origin, development and prospects*”* (Reunió ordinària de la Secció Filològica de l’IEC, 18 de gener de 2008)., p.5-6.

14 - Ibid., p.16.

زمانی دانیمارکی، لە سەردەمێکی مێژوویی سەری هەڵداوە و وەک زمانی نەتەوەی فەرمانڕەوا لە وڵاتەکەدا ماوەتەوە، بووە بە زمانی ئەمری واقیع بۆ خوێندن و نووسین. خەڵکی نەرویج نەیانتوانیوە پشتگوێی بخەن و دەستبەرداری بن، لە پاڵ ئەمەشدا نەرویجییەکان بە تایبەت باڵە ناسیۆنالیستەکەی حەزی کردووە زمانێکی نەتەوەییان هەبێ وەک زمانە نەتەوەییەکانی ئەوروپا. سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم و دروستبوونی وڵاتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی وەک نەرویج پێویستی بەوە بوو زمانێکی نەتەوەیی وەک نینۆرشک بهێنێتە کایەوە، ئیدی ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە هەردوو زمان ببن بە ستاندارد، ئەمڕۆ نەرویج بە ڕەسمی دوو زمانی ستانداردی هەیە، ئەم حاڵەتەش زۆر دەگمەنە و پابەندە بە بارودۆخی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و زمانیی نەرویجی خۆی.

ئەمیری حەسەنپوور، بەبێ ئەوەی لە بارودۆخی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئەم دوو ستانداردە بکۆڵێتەوە، بەبێ ئەوەی لایەنە سەلبییەکانی ڕەچاو بکات و لە گیروگرفتەکانی ورد بێتەوە، کە ئەم جووت ستانداردە لە نەرویج چ کێشەیەکی زمانی بۆ میللەتەکە و وڵاتەکە خوڵقاندووە، بە هەڵەداوان ئەو جووت ستانداردییەی زمانی نەرویجی وەک نموونەیەکی سەرکەتوو بەسەر باشوور کوردستان ساغ دەکاتەوە. دەیەوێ زمانی کوردی لەوێ بەرەو جووت ستانداردی ببات، ئەمە لە کاتێکدا حاڵەتی جووت ستانداردی زمانی نەرویج لەگەڵ حاڵەتی دوو لەهجەی زمانی کوردی وەک کوردیی ناوەندی و کوردیی باکوور تەواو لەگەڵ یەک جیاوازە، ئەوەی نەرویج لە بنەڕەتدا لە نێوان دوو زمانە، ئەمەی خۆمان دوو لەهجەی یەک زمانە. خەڵکی نەرویج بۆیە زمانی ستانداردی دووەمیان پەسند کرد، چونکە ئەوان زمانێکی ستانداردی نەتەوەیی تایبەت بە خۆیان نەبوو، هەر بۆیە ئەم دوو زمانە ستانداردە لە وڵاتەکە بە ناچاری بوون بە دیفاکتۆ، ئەمە لە کاتێکدا کێشەیەکی زمانی لەم جۆرە لای ئێمە نییە. هەرچەندە هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی زمانی نەرویجی کردووە بە دوو ستاندارد، بەڵام خەڵکی نەرویج هەمیشە خوازیاری یەک زمانی ستانداردبوون بۆ ئەوەی نەتەوەکەیان لە کێشە و ڕکابەری دوو زمانی ڕزگار بکەن، هەر بۆیە زمانی هاوبەشی نەرویجییان پێشنیاز کردووە. کەواتە ئەزموونی نەرویج بۆ جووت ستانداردی حاڵەتێکی نائاسایی و دەگمەنە، ڕیشەی لە مێژوو و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتەکە و هەلومەرجی تایبەتی زمانەکەدایە، نموونەیەک نییە بۆ هەموو

شوێنێک بگونجێ. له ئەزموونی نەرویج دەردەکەوێت کە جووت ستانداردی بۆ نەتەوەیەک حاڵەتێکی زمانی دروست و گونجاو نییە بە ناچاری قبوڵ کراوە.

## زمانی ئەرمەنی وەک جووت ستاندارد

زمانی ئەرمەنی لقێکی سەربەخۆی خێزانی زمانە هیندۆ- ئەوروپییەکانە، لەگەڵ زمانی گریکی و زمانە ئێرانییەکان نزیکی هەیە. قەشە میسرۆپ ماشتۆت لەسەدەی پێنجەمی میلادی ئەلفوبێیەکی تایبەت بۆ زمانی ئەرمەنی دادەهێنێت، ئیدی دوای ئەوە زمانی ئەرمەنی بۆ یەکەم جار بۆ نووسین بە کاردێت. زمانی کلاسیکی ئەرمەنی، گرابار Grabar بۆ ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵ زمانی نووسین و ستانداردی کلاسیکی ئەرمەنی بووە و ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەندی پێ نووسراوەتەوە، کتێبێکی زۆریش لە زمانەکانی گریکی و سریانی بۆ زمانی کلاسیکی ئەرمەنی وەرگێڕراون. ئەم زمانە کلاسیکە تا سەدەی نۆزدەم وەک زمانی نووسین مایەوە، ئەم زمانە بە هۆی کۆنبوونی، لە زمانی زارەکی vernacular خەڵکەکە دوور کەوتبووەوە، خەڵک بە ئاسانی لەو زمانە کۆنە تێ نەدەگەیشتن، وەک زمانی کلاسیکی لاتینی لە سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا(١٥).

دوای سەرهەڵدانی بیری ناسیۆنالیزم و ڕزگاری نیشتمانی لای ئەرمەنییەکان، نەتەوەی ئەرمەن بۆ نووسین پێویستی بە زمانێکی ستانداردی نیشتمانی هەبوو، زمانێک کۆمەڵانی خەڵکی ئەرمەنی بە ئاسانی لێی تێ بگەن. بۆ ئەم مەبەستەش لە دوو شوێنی جیا هەوڵی بەستانداردکردنی دوو لەهجەی ئەرمەنی درا، کە هەردوو لەهجەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای زمانی ئەرمەنی بوون؛ ئەوەی یەکەمیان پێی دەگوترێت زمانی ئەرمەنیی ڕۆژهەڵات: ئەو زمانە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم دەستی بەستانداردبوون کرد. لە ساڵی ١٨١٤ قوتابخانەی نێرسیسیان لە تفلیس دامەزرا و لە ساڵی ١٨١٥ ئینستیتوتی لازاریان لە مۆسکۆ دامەزرا، ئەم دوو سێنتەرە دەبن بە دوو مەڵبەندی کولتوور و زمان لە لایەن ڕۆشنبیران و نووسەرانی ئاوارەی ئەرمەنی بۆ بەستانداردکردنی زمانی ئەرمەنیی ڕۆژهەڵات. لەهجەی سەرەکیی دۆڵی ئارارت وەک بنچینەیەک بۆ بەستانداردکردن هەڵدەبژێردرێت، و بۆ

15 - Kevork B. Bardakjian and Robert W. Thomson, A textbook of western Armenian, Delmar, New York: Caravan Books, 1977, p.1.

نووسین بەکار دێت(١٦). ئەو لەهجە ئەرمەنییە بایەخێکی زۆر پەیدا دەکات و دەبێ بە زمانی ستانداردی ڕەسمیی کۆماری ئەرمەنستان کە دانیشتوانەکەی ٣.٥ ملیۆنە (سەرژمێری ٢٠٠٨) ئەم لەهجە ڕۆژهەڵاتییە، زمانی ئەرمەنەکانی ناوچەی ناگۆرنۆ قەرەباغ و ئەرمەنەکانی ناوچەی سنووری نێوان ئەرمەنستان و گورجستان و ئەرمەنەکانی ئێرانە(١٧). لەسەردەمی حکومڕانی یەکێتیی سۆڤیەتدا، ئەو زمانە بە شێوەیەکی بەرچاو بەستانداردبوونی خۆی پەرەپێ دا و لە ژیانی سیاسی و ئیداری و زانستی و ئابووریی وڵات بەکار دەهات. ئەم زمانە ستانداردە ئەمڕۆ تاکە زمانی ستانداردە بۆ خوێندن و نووسین و سیستمی کارگێڕیی ئەرمەنستان.

زمانی ستانداردی دووەم پێی دەگوترێت زمانی ئەرمەنیی ڕۆژئاوا کە لە لایەن ئەرمەنەکانی ئیستەنبۆل، هاوزەمان لەگەڵ زمانی ئەرمەنیی ڕۆژهەڵات دەستی بە ستانداردبوون کرد لەسەر بنەڕەتی لەهجەی ئەرمەنەکانی ئەنادۆل کە لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و پێش کوشتاری ئەرمەنەکان و ئاوارە بوونیان بە جیهاندا، لەو ناوچەیەدا قسەی پێ دەکرا. ئەمڕۆ ئەم زمانە ستانداردە زمانی ئەرمەنەکانی دەرەوەی ئەرمەنستانە کە پەرتەوازەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپا و ئەمەریکا و ئوسترالیا بوون(١٨). ئەم زمانە لای ئەرمەنەکانی تاراوگە بە شێوەیەکی سنووردار لە بواری خوێندن لە قوتابخانەکان و کاروباری ئایینی بەکار دێت، زمانی ڕەسمیی وڵات و سیستمی ئیداری نییە.

شیاوی گوتنە زمانی ئەرمەنیی ڕۆژئاوا، هەر هەمان ئەلفوبێی ئەرمەنیی ڕۆژهەڵات بەکار دێنن کە ئەلفوبێیەکی تایبەت بە زمانی خۆیانە، واتە زمانی ئەرمەنی، سەرەڕای جووت ستانداردی زمانەکەیان، بەڵام لە ڕووی ڕێنووسەوە، ڕێنووسێکی هاوبەشیان هەیە.

دابەشبوونی زمانی ئەرمەنی بۆ دوو ستاندارد، هەر تەنیا بە هۆی پەرەسەندنی مێژوویی زمانەوە نییە وەک گۆڕانی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سیمانتیکی، بەڵکوو بە فاکتەری دیکەی مێژوویی و سیاسییەوە بەستراوەتەوە لە مێژووی گەلی ئەرمەن کە لە ئەنجامی

---

16 - Jasmine Dum-Tragut, Armenian, Modern Eastern Armenian, John Benjamins Pub. Company, Philadelphia, 2009, P. 3.

17 - Ibid., p.2.

18 - Herausgegeben von, Ulrich Ammon, Sociolinguistics: an International Handbook of the Science of Language and Society, Volume 3, Thomas Muntzer, Berlin, 2006, p.1900.

دابەشبوونی وڵاتەکەیان و کۆمەڵکوژی و پەرتەوازەبوونیان بە جیهاندا، جیاوازیی ئەم دوو زمانە ئەرمەنییەی قووڵتر کردووەتەوە.

بە ستانداردکردنی لەهجەی ئەرمەنی ڕۆژهەڵات ئامانجێکی سەرەکیی ناسیۆنالیستی ئەرمەنی بوو کە بە دوای سەربەخۆیی سیاسی و پارێزگاری زمان و گەل و وڵاتەکەیدا وێڵ بوو(١٩).

ئەرمەنستان دوای سەربەخۆبوونی لە یەکێتیی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١ بۆ یەکەم جار بایەخ بە لەهجە ستانداردەکەی ڕۆژئاوا دەدات، چەند کتێبێکی دەرس خوێندن و فەرهەنگی زمانی ئەرمەنیی ڕۆژئاوا لە ئەرمەنستان چاپ دەکرێن، هەرچەندە بەشێکی زۆری دانیشتوانی کۆماری ئەرمەنستان سەر بە زمانە ئەرمەنییەکەی ڕۆژئاوان، بەڵام ئۆفیسی زمانی ڕەسمیی دەوڵەت لە ئەرمەنستان تا ئێستا بە ڕەسمی ئیعتیرافی بەو لەهجە ستانداردەی ڕۆژئاوا نەکردووە. لەم دە ساڵەی ڕابردوودا هەوڵ و تەقەللایەکی زۆر دراوە بۆ ئەوەی ئەم دوو ستانداردە وردە وردە بکەن بە یەک زمانی ستاندارد بۆ گشت ئەرمەنەکانی سەرانسەریی دنیا. بۆ ئەم مەبەستەش ڕیفۆرمی ڕێنووسی هەر دوو ستانداردەکە کراوە. ئەم پرسە تا ئێستا لە ژێر باس و لێکۆڵینەوەدایە(٢٠).

لەم ڕوونکردنەوەیەدا لەبارەی هەر دوو ستانداردی زمانی ئەرمەنی بۆمان دەردەکەوێت کە ئەرمەنستان لە وڵاتەکەی خۆیان تەنیا یەک زمانی ستانداردیان هەیە، ئەوەی دی لە وڵات بەکار نایەت، واتە لە سیستمی خوێندن و ئیداری وڵات ئەرمەنستان کێشەی جووت ستانداردی نییە، بۆیە وەک زمانی ڕەسمیی وڵات تەنیا ئەو ستانداردە بەکار دەهێنرێت، ئەوەی دی هەرچەندە لای ئەرمەنەکانی هەندەران بە ستاندارد ناسراوە، بەڵام کێشەی بۆ وڵاتەکەی دروست نەکردووە تەنیا زمانێکە بۆ ئەو ئەرمەنانەی کە لە دەرەوە دەژین.

ئەوەی ئەمیری حەسەنپوور لەبارەی ئەرمەنەوە دەیڵێ و دەیکات بە بەهانەیەک بۆ جووت ستانداردی زمانی کوردی بۆ باشووری کوردستان، دەبینین ئەمەش لە ئەفسانەوە نزیکترە تا ڕاستی؛ بەهانەیەکی پتەو نییە تا بڵێین نموونەی جووت ستاندارد لە زمانی دەوڵەت – نەتەوە هەیە و دەکرێ زمانی کوردییش سوود لە ئەزموونی ئەوان وەرگرێت.

---

19- Jasmine Dum-Tragut, Armenian, Modern Eastern Armenian, p.4.

20 - Herausgegeben von, Sociolinguistic, p. 1901.

پەرتەوازەبوونی ئەرمەنەکانی سەر بە لەهجەی ڕۆژئاوا، جیاوازییەکانی ئەم دوو لەهجەیەی زێدەتر کردووە، چونکە هەردوو لەهجە لە دووری یەکتر و بە جودا لەگەڵ یەک پەرەی سەندووە تا لەپاشان بوون بە دوو ستاندارد، بەڵام هەرچی کوردیی ناوەندی و بنلەهجەی بادینی کوردیی باکوورە بارودۆخەکەی لەگەڵ ئەم دوو لەهجەی زمانی ئەرمەنی تەواو لەگەڵ یەک جیاوازن، ئەم دوو لەهجە کوردییە لە پاڵ یەکن و لەگەڵ یەک تێکەڵن لە ڕووی ئیداریشەوە لە چوارچێوەی سنووری جوگرافی هەرێمی کوردستاندان.
یەک ستانداردی زمانی ئەرمەنی لە وڵاتەکەیان، دووبارە پشتگیری لەو ڕایە دەکات کە زمانێک ئەگەر هەرچەندە دوو لەهجەی جیاواز و جووت ستانداردیش بێت، بەڵام وەک زمانی ڕەسمیی وڵات بۆ پەروەردە و کارگێڕی دەبێ تەنیا یەک زمانی ستانداردی هەبێ. گەلی ئەرمەن هەرچەندە زمانەکەیان بووە بە دوو ستاندارد، بەڵام بۆ یەکگرتنەوەی زمانەکەیان کۆڵیان نەداوە، ئەمڕۆ گشت ئەرمەنەکان بەرەو یەک زمانی ستانداردی یەکگرتوو هەنگاو دەنێن.

### زمانی ئەلبانی، جووت ستاندارد، یان تاک ستاندارد؟

زمانی ئەلبانی وەک زمانی ئەرمەنی و یۆنانی بە لقێکی سەربەخۆی خێزانی زمانە هیندۆ – ئەورووپییەکان دادەنرێت. شوێنە جوگرافییەکەی لە باشووری ڕۆژئاوای بالکان هەڵکەوتووە. زیاتر لە شەش ملیۆن کەس قسەی پێ دەکەن، لەوانە زیاترلە ٣ ملیۆن کەس «سەرژمێری ٢٠٠١» لە کۆماری ئەلبانیا نیشتەجێن، ئەوانی دی لە وڵاتە هاوسێکان نیشتەجێن کە پێشتر بەشێک بوون لە یۆگوسلاڤیا «وەک کۆسۆڤۆ، مەکەدۆنیا، مۆنتی نیگرۆ، سێربیا» نزیکەی ٢ ملیۆن دانیشتوانی کۆسۆڤۆ گشتیان بە ئەلبانی قسە دەکەن. لە یۆنان و ئیتاڵیاش کەمینەیەکی ئەلبانی هەیە(٢١). ئەلبانییەکان بە وڵاتەکەی خۆیان دەڵێن شکیپێریا Shqip‘ria بە زمانەکشیان دەڵێن شکیپ Shqip.
زمانی ئەلبانی بۆ دوو لەهجەی سەرەکی گێگ Gheg و تۆسک Tosk دابەش دەبێت. ڕووباری شکومبینی Shkumbini لە ناوەڕاستی ئەلبانیا ئەم دوو لەهجەیە لەیەک دادەبڕێت. گێگ لە باکووری وڵات قسەی پێ دەکەن، لەگەڵ کۆسۆڤۆ و مۆنتی نیگرۆ و

---

21 - Robert Elsie, Historical Dictionary of Albania, second edition, The Scarecrow Press, Inc. 2010. P.263.

سێربیا و بەشی ڕۆژئاوای کۆماری مەکەدۆنیا. تۆسک لە باشووری وڵات قسەی پێ دەکرێ، لەگەڵ ئەلبانییەکانی ئیتاڵیا و یۆنان و بولگاریا و ئۆکرانیا(٢٢). هەر یەک لەم دوو لەهجەیە کۆمەڵێک بنلەهجەی هەیە. لە خوار ڕووباری شکومبینی ناوچەیەکی ترانزێتی هەیە، لەوێ هەردوو لەهجە بە یەک دەگەن و لەیەک نزیک دەبنەوە، وەک ناوچەیەکی پەڕینەوەیە بۆ لەهجەکەی دی. هەردوو لەهجەکە لە ڕووی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکس و لێکسیکەوە لەیەک جیاوازن، بەڵام لەهەمان کاتدا ئاخێوەری هەردوو لەهجە لەیەک حاڵیبوونیان هەیە(٢٣). ئەگەر ژمارەی ئەلبانییەکانی یۆگوسلاڤیای پێشوو کە بە لەهجەی گێگ دەدوێن لەگەڵ باکووری ئەلبانیاش حیساب بکرێ، کە ئەوانیش بە گێگ دەدوێن، بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی تۆسک ئاخێوەکان، ئەوە لە تێکڕای پێکهاتی ئەتنیکی ئەلبانەکان لە سێ بەش، دوو بەشی سەر بە لەهجەی گێگن، واتە زۆرینە گێگ ئاخێون(٢٤).
زمانی ئەلبانی بە هەر دوو لەهجەکەیەوە هەر لەسەدەی پازدەمەوە پێی نووسراوە. یەکەم نووسراو بە زمانی ئەلبانی لە ساڵی ١٤٦٢ بە ناوی شێوازی تەعمیدکردن baptismal formula بە لەهجەی گێگ و بە ئەلفوبێی لاتینی بووە، بۆیەش بە ئەلبانی بووە تا ئەو قەشانەی کە ڕێوڕەسمی تەعمید لە کەنیسەکان ئەنجام دەدەن، بتوانن بە زمانی ئەلبانی ئەنجامی بدەن بۆ ئەوەی بە زمانی خۆیان لێی تێ بگەن، کە پێشتر هەر بە زمانی لاتینی بووە. دواتر لە کۆتایی ساڵەکانی سەدەی پازدەم نووسین بە لەهجەی تۆسک دەست پێدەکات، یەکەم نووسراو بەم لەهجەیە کتێبێکە بە ناوی «بەشێکی ئینجیل» بە ئەلفوبێ یۆنانی(٢٥). لە سەدەی شازدەم و حەڤدەم نووسراوی ئەلبانی زیاتر بە لەهجەی گێگ بووە، لەگەڵ لەهجەی تۆسکی ئەلبانیی ئیتاڵیا کە بە ئەربێریش Arb‘resh ناسراوە. یەکەم چاپکراو لە سەدەی شازدەم بە لەهجەی گێگ بووە، کە کتێبێکە بە ناوی مێشاری (Meshari)، واتە کتێبی دوعا، لە دانانی قەشە بوزوکو Buzuku، چەند بەشێک لە ئینجیل و چەند دوعایەک

---

٢٢ - بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی لەهجەکانی ئەلبانی و دابەشبوونی جوگرافی و خەریتەی لەهجەکانی، بڕوانە ئەم ماڵپەڕە: www.albanianlanguage.net

23 - Leonard Newmark, Standard Albanian: a reference grammar for students, Stanford University Press, 1982, p.6.

24 - Janet L. Byron, Selection among alternates in Language Standardization: The Case of Albanian, Mouton & Co, Netherlands, 1976, P. 32.

25 - Ibid., P. 36.

لە خۆ دەگرێت. کارێکی دیکەی زۆر گرنگی ئەو سەردەمە فەرهەنگێکە بە دوو زمانی لاتینی و ئەلبانی بە لەهجەی گێگ لە ساڵی ١٦٣٥، دانانی ئەم فەرهەنگەش بە مەبەستی ئاسانکاری بووە بۆ ئەو قەشانەی کە زمانی لاتینییان باش نەبووە. دواتر هەر لەو سەروبەندەدا چاپکراو بە لەهجەی تۆسکیش دەردەکەوێت، لە ساڵی ١٥٩٢ کتێبێک لەبارەی باوەڕەکانی کاتۆلیکەوە بە لەهجەی تۆسکی ئیتاڵی چاپ و بڵاو دەکرێتەوە، ئەمەش بۆ ئەو منداڵە ئەلبانیانە بووە لە ئیتاڵیا، زمانی لاتینییان نەزانیوە. لە سەدەی هەژدەم واتە دوو سەد ساڵ دوای لەهجەی گێگ، لە باشووری ئەلبانیا بە لەهجەی تۆسک یەکەم چاپەمەنی لە چاپ دەدرێت کە ئەویش هەر نووسراوی ئایینی بووە(٢٦). لە ساڵی ١٨٩٧ ڕۆژنامەی «ئەلبانیا» کە لەلایەن ڕۆشنبیری ئەلبانی فایق کۆنیتزا لە برۆکسل دەردەچوو، لە یەکەم ژمارەدا، نووسین بە هەردوو لەهجە بڵاو دەکاتەوە. بەم شێوەیە هەردوو لەهجە بە جیا و لەگەڵ یەک پەرە دەستێنن، بە ئەلفوبێی جیاوازیش دەنووسرێن وەک ئەلفوبێی لاتینی، عەرەبی، یۆنانی، تا لە ساڵی ١٩٠٨ دوای سەربەخۆیی ئەلبانیا لە کۆنگرەی مۆناستیر بڕیار دەدرێت ئەلفوبێی لاتینی بۆ هەردوو لەهجەی زمانی ئەلبانی بەکار بێت(٢٧). نووسین بە ئەلفوبێیەکی یەکگرتوو بۆ هەردوو لەهجە هەنگاوێکی یەکجار گرنگ و زەمینە خۆشکەر بوو بۆ ئەوەی باس لە زمانێکی ستانداردی یەکگرتوو بۆ هەموو ئەلبانییەکان بکرێت.

هەرچەندە جیاوازیی کولتووری لە نێوان هەردوو لەهجەی گێگ و تۆسک هەیە، ناوچەی گێگ نشینەکان لە باکوور پێکهاتی کۆمەڵایەتییان زیاتر خێڵەکییە، بەڵام ناوچەی تۆسک نشینەکان لە باشوور پێکهاتەکەیان خێڵەکی نییە، لەڕووی دابونەریت و جلوبەرگ و مۆسیقاوەش لەگەڵ یەک جیاوازییان هەیە (٢٨)، ئەمە سەرباری ئەوەی، هەردوولا بە جودا نووسراوی ئەدەبی تایبەت بە لەهجەی خۆیان هەبووە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو مێژووی ئەلبانیا هیچ بەڵگەیەک بەرچاو ناکەوێت کە هیچ یەک لەم دوو لەهجەیە خۆیان بە دوو نەتەوەی جودا بناسێنن، یانیش بانگەشەی زمانی سەربەخۆ بکەن، سەرەڕای ئەوەی

---

26 - Ibid., p.37-38.

27 - Arshi Pipa,The politics of language in socialist Albania, distributed by Columbia University Press, 1989, p. 1-2.

28 - Janet L. Byron, p. 34.

که به ئەلفوبێی جیاوازیش نووسراونەتەوە(٢٩). ئەمە نیشانەی یەکێتیی کولتووری و هاونەتەوەیی ئەلبانەکان دەردەخات کە خاڵێکی گرنگ بووە بۆ ئەوەی دواتر، دوای سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم لە یەک نەتەوە و یەک زمان کۆببنەوە.

بزاڤی ناسیونالیستی ئەلبانی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەمدا سەرهەڵدەدا، ئامانجی یەکێتیی نەتەوەی ئەلبانی بوو. لە ساڵی ١٨٧٨ کۆمەڵەی پریزرێن Prizren دادەمەزرێنن، ئەم کۆمەڵەیە بایەخ بە زمانی ئەلبانی دەدات و بانگەشەی خوێندن بە زمانی ئەلبانی دەکات، هەروەها دژ بە کۆنگرەی بەرلین دەوەستێ کە دەیەوێ خاکی ئەلبانیا دابەش بکا. ئەم ڕەوتە نەتەوەییە، زمان وەک هێزێکی یەکخستنی نەتەوەیی سەیر کردووە، هەر بۆیە زۆر بایەخی بە زمانی ئەلبانی داوە(٣٠).

دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و سەربەخۆبوونی ئەلبانیا لە ساڵی ١٩١٢، پرسی زمان زۆر بە جددی مشتومڕی لەسەر دەکرێ و هەوڵی یەکخستنی دەدرێ بۆ ئەم دەوڵەتە تازە دامەزراوە، لەم ماوەیەدا، بۆ زمانێکی ستانداردی نیشتمانیی ئەلبانی، لە نێو چینی ڕۆشنبیر و زمانەوانی ئەلبانی چەند ڕێگەیەک دەخرێنە ڕوو:

١- گێگ و تۆسک پێکەوە وشە بدەن بەیەک تا لە یەک نزیک دەبنەوە و یەک دەگرن.

٢- شێوەزاری ئەلباسان، یان هەر شێوەزارێکی دیکەی ناوەڕاستی هەردوو لەهجە بکرێ بە زمانی ئەدەبی نووسین کە ئەمەش شێوەزارەکانی باشووری لەهجەی گێگ دەگرێتەوە.

٣- تۆسک پێویستە بکرێ بە زمانی نووسینی نیشتمانی(٣١).

بۆ ڕێگەی یەکەم لە ساڵەکانی سەدەی نۆزدەم لەلایەن چەند ڕۆشنبیرێکی ئەلبانی وەک سامی فراشەری Frash‘ri Sami و فایەق کۆنیتزا Faik Konitza هەوڵی بۆ دراوە کە هەردوو لەهجە بە وشەی یەکدی تێکەڵ بکرێن و موتوربە بکرێن تا لە کۆتاییدا جیاوازییەکانیان کەم بکرێنەوە و یەک بگرن. لە ماوەیەکی درێژدا بە دەرکەوت ئەم هەوڵانە هیچیان سەرکەوتوو نەبوون. بۆ ڕیگەی دووەم، کۆنگرەیەکی زمانی نووسین لە ساڵانی ١٩١٦ - ١٩١٧ لە شکۆدەر Shkod‘r دەبەسترێت، چەند بڕیارێکی گرنگ لەبارەی ڕێنووسەوە دەردەکات لە هەمووی گرنگتر دوو شێوە ڕێنووس بۆ هەردوو لەهجەکە

---

29 - Janet L. Byron, p.41.

30 - Ibid., p.39.

31 - Ibid., p. 54.

قەدەغە دەکات و داوا دەکات هەردوو لەهجە بە یەک ڕێنووسی یەکگرتوو بنووسرێنەوە بۆ ئەوەی هەنگاوێک بێت بۆ نزیکبوونەوەیان لە یەک، هەروەها پێشنیازی ئەوەش دەکرێت شێوەزاری ئەلباسان Elbasan کە لە ناوەڕاستی وڵات هەڵکەوتووە، لە هەردوو لەهجە نزیکە وەک پردێکە هەردووکیان بەیەک دەبەستێتەوە، داوا دەکات بنلەهجەی ئەم ناوچەیە بە چەند دەستکارییەکەوە بکرێ بە بنچینە بۆ زمانێکی یەکگرتووی ئەلبانی بۆ پاشەڕۆژ(٣٢). بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ١٩٢٣ بەو لاوە بۆ ماوەی چەند ساڵێک ئەم شێوەزارە بەشێوەیەکی کاتی دەبێ بە زمانی ڕەسمی، بەڵام دواتر چیدی بەردەوام نابێت، چونکە ئەم شێوەزارە هیچ پێشینەیەکی نووسینی نەبووە، بۆیە کردنی بە زمانی نووسین شتێکی ناواقیعی بوو، ئەمە لەکاتێکدا هەردوو لەهجە سەرەکییەکە، پێشتر وەک دوو زمانی ئەدەبی پێش کەوت بوون.

لەم ماوەیەدا ئەم مشتومڕ و گفتگۆیانەی لەبارەی زمانی یەکگرتووی نەتەوەیی دەکرا، تەنیا دوو ڕێگە کاری پێ دەکرا: نزیککردنەوە و تێکەڵکردنی گێگ و تۆسک لە لایەک، یان لەهجەی تۆسک بە تەنیا بکرێ بە زمانی ستانداردی نەتەوەیی.

دوای ساڵی ١٩٤٤ کاتێک حکوومەتی کۆمۆنیستی لە ئەلبانیا دێتە سەرکار، گۆڕانێکی گەورە لە هەموو لایەنەکانی ژیانی خەڵک و نەتەوە دەست پێ دەکات، بێگومان پرسی زمانیش لەم گۆڕانە بە دوور نەبووە. بۆ ئەم مەبەستە، سیاسەتی زمانیی حکوومەتی نوێ، هەڵبژاردنی ڕێگەی سێیەم بوو، ئەویش لەهجەی تۆسک بکرێ بە بنچینە بۆ زمانی ستانداردی یەکگرتووی هەموو ئەلبانەکان. ڕۆشنبیران و نووسەران و سیاسەتمەداران لەو سەردەمەدا کە پشتگیری یەک زمانیان دەکرد لەسەر بنچینەی تۆسک، کۆمەڵێک پاساویان بۆ دەهێنایەوە: زۆربەیان پێیان وا بوو ئەم لەهجەیە لە ژیانی فەرهەنگیی نەتەوە لە گێگ زیاتر بەکار هاتووە، بەتایبەت لە سەدەی نۆزدەمەوە، کە سەردەمی بووژانەوەی نەتەوەییە، تۆسک بایەخێکی یەکجار زۆرتری هەبووە لە بواری نووسین و بڵاوکردنەوە و چاپەمەنی و کتێبی قوتابخانە و ڕۆژنامەگەری، تەنانەت لە سی ساڵی دوای سەربەخۆبوونی ئەلبانیا، زۆرترین کاری نووسین بە لەهجەی تۆسک بەرهەم هاتووە، زۆرینەی خەڵکی ئەلبانیا هەر بە لەهجەی تۆسک خوێندوویانە، هەر بۆیە تۆسک لە بزاڤی فەرهەنگیی نەتەوەی ئەلبانیدا

---

32 - Xhevat Lloshi, Albanian, Handbuch der Sudosteuropa ?Llinguistik, Harrassowitz Verlag .Wiesbaden,1999, p. 289.

ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری هەبووە، ئەمە بێجگە لەوەی لەکاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، ئەدەبیاتی ئەو شەڕە بە زۆری بە تۆسک بڵاو بووەتەوە، دوای شەڕەکەش تۆسک بەردەوام دەبێ بۆ خوێندن و زانست و ئەدەب و ڕۆژنامە و فێرکردنی ئایدیۆلۆجی. هۆیەکی دیکە کە زەمینەی بۆ تۆسک خۆش کرد ببێ بە زمانی ستانداردی ئەلبانی، سیاسی بوو. بزاڤی کۆمۆنیستی لە باشووری ئەلبانیا سەری هەڵدا، زۆربەی سەرکردەکانی کۆمۆنیست کە هاتنە سەر کار لە خەڵکی باشوور بوون و سەر بە لەهجەی تۆسک بوون، ئاخێوەرانی گێگ لەم ڕووەوە ڕۆڵێکی وایان نەبوو کە شایانی باس بێت، ناوچەکەشیان زیاتر دینداری کاتۆلیکی بوون و پێکهاتەکەشیان زیاتر عەشایەری بوو، بە پێچەوانەی ئەمەوە زۆرینەی توێژی ڕۆشنبیران و نووسەران سەر بە لەهجەی تۆسک بوون (٣٣).

لەم ماوەیەی کە لەهجەی تۆسک دەکرێ بە بنچینە، وشە و دەستەواژەی زۆری لەهجەی گێگ دەگرێتە خۆی بە فۆنەتیکی تۆسکی، ئیدی دەبێتە زمانێک تەنیا بە ڕێزمان و فۆنەتیک لەهجەی تۆسکە بە فەرهەنگۆکی وشە vocabulary بە وشەکانی لەهجەی گێگ یەکجار دەوڵەمەند دەکرێت(٣٤).

لە ساڵی ١٩٥٢ یەکێتیی نووسەرانی ئەلبانیا بڕیار دەدات لەمەودوا بۆ چاپەمەنی تەنیا لەهجەی تۆسک بە کار بێت بۆ ئەوەی چیدی درێژە بە دوو ستانداردی نەدرێ. ئەم بڕیارە بۆ ناوخۆی ئەلبانیا تەئسیری دەبێ، بەڵام لای هەموو ئەلبانەکانی دەرەوەی ئەلبانیا وەک یەک بە هەند وەرناگیرێ(٣٥).

دواتر لە ساڵی ١٩٥٦ مانیفێستۆی ڕێنووسی ئەلبانی دەردەچێت کە تێیدا بەوردی گرفتەکانی بە ستانداردکردنی زمانی ئەلبانی باس کرا بوو(٣٦). دوای ئەوە نووسەرانی گێگ واز لە نووسین بە لەهجەکەی خۆیان دێنن و بە زمانە ستانداردەکە دەنووسن. ئەمانە هەموو چەند هانگاوێک بوون بەرە بەرە لەهجەی تۆسکی ستاندارد جێگەی گێگ

---

33 - Janet L. Byron, Selection among alternates in Language Standardization: The Case of Albanian, pp. 60-61.

34 - Arshi Pipa, p.xii.

35 - Leonard Newmark, Standard Albanian: a reference grammar for students, p.8.

36 - Ibid., p.8.

دەگرێتەوە(٣٧)، بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا، لەهجەی گێگ لە بواری ئەدەبی و شانۆ و فیلم و گۆرانی بەکارهاتووە(٣٨).

دوای ئەوە، گرنگترین هەنگاوێک کە بۆ بەستانداردکردنی زمانی ئەلبانی هەڵنرابێت لە ساڵی ١٩٦٧ بوو، کاتێک کتێبێک لەبارەی «بنەماکانی ڕێنووسی ئەلبانی» دەردەچێت، ئەم پرۆژەیە بناغەیەکی یەکجاری دادەنێت کە زمانی ستانداردی نیشتمانی یەکگرتووی پێ بنووسرێت، ساڵێک دواتر لە پریشتینای پایتەختی کۆسۆڤۆ «کە ئەوسا سەر بە یۆگوسلاڤیا بوو» کۆنگرەیەکی زمانەوانی دەبەسترێت، ئەو زمانە ستانداردەی بە لەهجەی تۆسک کە لە ئەلبانیا بە کار دەهات، وەک زمانی ڕەسمی قبووڵ دەکەن، دەستبەرداری لەهجە ستانداردەکەی خۆیان دەبن کە لەمەوپێش ستانداردی گێگیان بۆ نووسین بە کار دەهێنا(٣٩)، قبووڵ کردنی ئەو ستانداردە لەلایەن ئەلبانییە کۆسۆڤییەکان سەرکەوتنێک بوو بۆ ئەو سیاسەتە زمانییە کە لە ئەلبانیاوە دەستی پێ کرد. لە ساڵی ١٩٧٢ جارێکی دی کۆنگرەی ڕێنووس دەبەسترێ و نوێنەرانی کۆسۆڤۆ و مەکەدۆنیا بەشدار دەبن، بە دروشمی "یەک نەتەوە، یەک زمانی نووسین" زمانی یەکگرتووی ئەلبانی قبووڵ دەکەن و بە ڕەسمی ڕای دەگەیەنن(٤٠).

دوای ئەوە، زمانی یەکگرتووی ئەلبانی بوو بە زمانێکی ئیجباری بۆ خوێندن لە قوتابخانەکان و چیدی کتێبی خوێندن بە لەهجەی گێگ چاپ نەدەکرا. ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆ بە هۆشیارییەوە ئەم زمانەیان لە بواری چالاکییە ڕەسمییەکان و میدیا و پەروەردە بەکار دەهێنا. هۆیەکی دیکەی گرنگ کە هانی ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆی دا بۆ قبووڵکردنی ئەم زمانە: ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆ ئەوسا هەستیان بە هەڕەشەی سربەکان کردبوو کە بە نیاز بوون زمانێکی جودای ئەلبانی دابهێنن، بۆ ئەوەی لە هاونەتەوەکانی خۆیان لە ئەلبانیا داببڕێن، بۆ لەباربردنی ئەم هەوڵە و بە مەبەستی پاراستنی ناسنامەی یەکێتیی نەتەوەییان، ئەم زمانە ستانداردەیان قبووڵ کرد(٤١).

---

37 - Arshi Pipa,The politics of language in socialist Albania, p.4.

38 - Xhevat Lloshi, p. 290.

39 - Leonard Newmark, Standard Albanian: a reference grammar for students, p.8.

40 - Arshi Pipa, The politics of language in socialist Albania, p.5.

41 - Xhevat Lloshi, p. 291.

زمانی ستانداردی ئەلبانیی ئەمڕۆ، توانایی ئەوەی هەیە وەڵامی هەموو پێویستییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و کولتووری و هونەری بداتەوە. لەهجە ناوچەییەکانیش وەک زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە و بۆ بواری ئەدەبی و هونەری بەکار دێن، کە ئەم زمانەش بەم پێوەندییەی نێوان زمانی ستاندارد و لەهجەی ئاخاوتن، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ زمانە ستانداردەکانی دیکەی ئەورووپا نییە(٤٢).

بەم شێوەیە بە گوێرەی پلانی زمانیی حکوومەتی نوێ و دوای پرۆسەیەکی مێژوویی سەخت و درێژخایەن کاتی ئەوە هات کە زمانی ستانداردی نیشتمانی لە ئەلبانیا یەکلا بکرێتەوە، دوای ئەوەی لەهجەی تۆسک لە باشوور لە بواری نووسین و بڵاوکردنەوە بە شێوەیەکی ڕەسمی وەک زمانی دیفاکتۆ بۆ ئەلبانییەکان باڵادەستی خۆی نواند.

ئەوەی زیاتر لەم پرۆسەیە جێگەی سەرنجە، دوای سەربەخۆیی، هۆکارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی کاریگەریان دەبێ لە یەکلاکردنەوەی یەکزمانی بۆ ئەلبانەکان، واقیعیەتی ڕەهەندە کولتووری و سیاسییەکان جێگەی ڕۆمانسیەتی گرتەوە، هەروەها بۆیان ئاشکرا بوو کە هەڵبژاردنی لەهجە بۆ زمانی ستانداردی یەکگرتوو تەنیا لەسەر پێوەری زمانەوانی و ئیستێتیکی نییە، بەڵکو پشت بە هۆکار و پێوەری سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریش دەبەستێ.

دوای گۆڕانکارییەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات لەساڵی ١٩٨٩ و ڕووخانی ڕژێمە کۆمۆنیستەکانی ئەو وڵاتانە، ڕژێمی کۆمۆنیستی تۆتالیتاری ئەلبانیاشی هێنایە هەژان، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٩١ شۆڕش و خۆپیشاندانە یەک لەدوای یەکەکان، کۆتایی بە دەسەڵاتی کۆمۆنیستی هێنا و بۆ یەکەم جار هەڵبژاردنێکی دیموکراسی لە وڵات کرا. زۆر کەس لە سەرەتادا باوەڕیان وا بوو ڕووخانی ڕژێمی کۆمۆنیستی کاریگەریی خۆی لەسەر ئەو زمانە ستانداردەی ئەلبانیاش بەجێ دەهێڵێ کە لە سەردەمی ئەوان تاک ستانداردی زمانی ئەلبانی یەکلا کراوەتەوە، پێیان وا بوو کە ئەمەش هەر بەرهەمی ئەو ڕژێمەیە، هەر بۆیە دوای ئەو گۆڕانکارییە سیاسییە، زمانەکەش هێرشی کرایە سەر، هەندێک لە لایەنگرانی گێگ بانگەشەی ئەوەیان کرد کە دەبێ لەهجەی گێگ ببووژێنرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەکیان بە گێگ دەرکرد. بۆ تاوتوێکردنی ئەم مەسەلەیە، لە مانگی ساڵی ١٩٩٢ لە دوازدەمینساڵیادی کۆنگرەی ڕێنووس لە تیرانا کۆنفرانسێک

---

42 - Xhevat Lloshi, p. 291.

دەبەستن، لەم کۆنفرانسەدا زۆرینەی بەشداربووان بە ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆ و تاراوگە پشتگیریی زمانی ستانداردی یەکگرتوویی نەتەوەییان کرد. لەسالانی دواتریش، هەر لەسەر ئەم پرسە گفتوگۆ کراوە، تا لە سالّی ١٩٩٥ لە زانکۆی پریشتینا لە تیرانا بە هاوکاریی ئەکادیمیای ئەلبانی بۆ زانستەکان بڕیاری یەکجارییان دا کە ئەو زمانە ئەلبانییە دەستکردی ئەو ڕژێمەی پێشوو نییە، بەڵکو بەرهەمی پێشکەوتن و پەرەسەندنێکی درێژخایەنی کولتووریی ئەلبانییە، ئەم زمانە ستانداردە بەهێزترین خاڵی یەکێتیی نەتەوەییە، چارەسەری ڕاست و واقیعی ئەوەیە کە لێ بگەڕێین زیاتر پەرە بسێنێ و کاملتر بێت. لەپاڵ ئەوەشدا ڕێگە لە لەهجەکان ناگیرێ لە بواری هونەری و ڕۆژنامەگەری بەکار بێن(٤٣).

لەم کورتە باسەی بەستانداردبوونی زمانی ئەلبانی، بۆمان ڕۆشن دەبێتەوە کە ئەم زمانە هەرچەندە بۆ ماوەیەکی درێژ بە دوو لەهجەی ستاندارد بۆ نووسین بەکار هاتووە، بەلام دواتر لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بڕیارێک دەدرێت لەهجەیەک بکرێ بە زمانی ستانداردی ئەلبانی، کە ئەمڕۆ ئەم زمانە ستانداردە لەلایەن هەموو ئەلبانییەکان لە ئەلبانیا و کۆسۆڤۆ و مۆنتی نیگرۆ و مەکەدۆنیا و تێکڕای ئەلبانییەکانی دنیا قبووڵ کراوە. کەواتە ئەوەی ئەمیری حەسەنپوور لە بارەی جووت ستانداردی ئەلبانی دەدوێ و دەیکات بە نموونەیەک بۆ جووت ستانداردی زمانی کوردی، ئەمەش ئەفسانەیەکە و لە ڕاستییەوە دوورە، وا دیارە ئەو ئاگاداری ئەو گۆڕانکارییانەی دوایی زمانی ئەلبانی نییە کە لەپاشان دەبێ بە زمانێکی تاک ستاندارد.

ئەزموونی ئەلبانیا پێمان دەڵێ جووت ستانداردی زمانی بۆ نەتەوەیەک لە نێو دەوڵەتێکی نەتەوەیی، جێبەجێکردنی زۆر سەختە، ئەمە هەرچەندە ئەگەر ئەو وڵاتە دوو لەهجەی سەرەکی بۆ نووسین هەبێ، لە کۆتاییدا دەبێ هەر یەکێکیان ببێ بە ستاندارد بۆ خوێندن و ئیدارە، هەڵبەت ئەوەی کە زیاتر بۆ نووسین بەکار هاتووە لە ڕووی بایەخی زمانەوە زیاتر پێش کەوتووە. ئەمڕۆ گشت ئەلبانەکان چ لە ناو وڵات چ لە دەرەوەی وڵات ئەم زمانە یەکگرتووەیان قبووڵ کردووە، گشت ئەلبانییە گێگ ئاخێوەکان کە بە ژمارە زۆرتریشن، لە پێناو زمانی ستانداردی یەکگرتووی نەتەوەکەیان دەستبەرداری لەهجەکەیان بوون و زمانی تاک ستانداردی یەکگرتووی ئەلبانییان بە لەهجەی تۆسک قبووڵ کردووە. ئەزموونی

43 - Ibid., p. 292.

ئەلبانیا ئەمەش ڕوون دەکاتەوە کە ڕۆڵی دەسەلات لە یەکلاکردنەوە و پلاندانان بۆ ئەم زمانە یەکگرتووە، چەندە گرنگ و یەکلاکەرەوەیە.

**شۆڤێنیزمی سۆرانی!**

ئەم سەردێڕەی سەرەوە گوتاری ئەمیری حەسەنپوورە بۆ زمانێکی ستانداردی یەکگرتووی کوردی لە باشووری کوردستان. ئەو پێی وایە ئەگەر تەنیا لەهجەی کوردیی ناوەندی کە ئەو بە سۆرانی ناوی دەبات، بکرێ بە بنچینە بۆ زمانێکی ستانداردی کوردی، ئەوە کورد هەمان سیاسەتی شۆڤێنیزمی زمانی دەگرێتە بەر کە لە پێشدا ئەتاتورک لە تورکیا و ڕەزا شا لە ئێران لەسەر نەتەوە جیاوازەکانی ئەو ناوچەیەدا جێبەجێیان کردووە.
لە پێشدا دەبێ بڵێین، ناوهێنانی پرۆسەی بەستانداردکردنی کوردیی ناوەندی بە شۆڤێنیزم، ناوهێنانێکی ناقۆلا و ناپەسندە، بەتایبەت بۆ کەسێک کە سەروکاری لەگەڵ لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی هەیە، دەیەوێ ئەم جۆرە باسانە بەشێنەیی و بەڵگەی زانستی زمان تاوتوێ بکرێن. ئەم ستانداردکردنە هەوڵ و تەقەللای نەتەوەیەکە لە پێناو یەکێتیی زمان و یەکپارچەیی نەتەوەیی نەک چەوساندنەوە و بێڕێزکردنی لەهجەیەکی دیکەی کوردی. دەکرێ لەم ڕوانگەیەوە سەیری بکرێت، نەک سەرەڕۆیانە بە بیانووی زۆر لاواز و کاڵوکرچ ئەو پرۆسەیە بە شۆڤێنیزم لەقەڵەم بدرێ.
نووسەر لەبارەی شۆڤێنیزمی زمانی دەڵێ: "شۆڤێنیسمی زمانی بۆچوونێکی سیاسییە کە زمان، یان لەهجەی خۆی پێ لە زمان، یان لەهجەکانی دی باشتر، جوانتر، پێشکەوتووتر، دەوڵەمەندتر، ڕەسەنتر، یان ڕێکوپێکترە."، هەروەها لەبارەی شۆڤێنیزمی سۆرانییش دەڵێ:" "شۆڤێنیسمی سۆرانیی" لەهجە کوردییەکان هەڵدەسەنگێنێ، نرخیان بۆ دادەنێ، پلەبەندییان دەکا و نەزمێکی بەرزی و نزمێتی (هیرارشی)یان پێ سازدەکا و وای دادەنێ کە ئەو پلەبەندییە سروشتی و پێویست و نەگۆڕە و دەبێ بپارێزرێ. لە لووتکەی ئەو نیزامی بەرزی و نزمییەدا، سۆرانی لەسەر تەختی حکوومەت دادەندرێ هەتا لەهجەکانی دی خزمەتی بکەن. دەڵێن بەرزەنشینیی سۆرانی لە بەرئەوەیە کە لە لەهجەکانی دی باشتر، پێشکەوتووتر، دەوڵەمەندتر، ڕەسەنتر و ڕێکوپێکترە".(٤٤) هیچ گومان لەوەدا نییە لە ڕووی

٤٤ – ئەمیری حەسەنپوور، شۆڤێنیسمی سۆرانی و ئەفسانەکانی، بەشی یەک، هەفتەنامەی فەرهەنگی هەولێر، ژمارە ٢٢، ئاداری 2010.

زماناسییەوە زمانەکان و لەهجەکان یەکسانن، بەڵام لە ڕووی بایەخی زمانییەوە، بۆی هەیە زمانێک لە زمانێکی دی، یان لەهجەیەک لە لەهجەیەکی دی دەوڵەمەندتر و پێشکەوتووتر بێ، ئەمە مەسەلەی بایەخی زمانە، شۆڤێنیزم نییە. بۆ نموونە دەگوترێ زمانی ئینگلیزی لە زمانی هۆڵەندی دەوڵەمەندتر و پێشکەوتووترە، چونکە ئینگلیزی لە ڕووی فەرهەنگۆکی وشە یەکجار دەوڵەمەندە، لە کاتێکدا هۆڵەندی ئەوەندە دەوڵەمەند نییە، ئینگلیزی لەسەر ئاستی جیهان بەکاردێت، بەڵام هۆڵەندی تەنیا لە وڵاتەکەی خۆیان و باکووری بەلجیکا و سورێنام بەکار دێت، کتێب و سەرچاوە بە ئینگلیزی لە هەموو بوارێک دەست دەکەون، بەڵام بە هۆڵەندی سنووردارە، تەنانەت زۆر نووسەری هۆڵەندی بۆ ئەوەی نووسینەکەیان لەسەر ئاستی جیهان بخوێنرێتەوە بە ئینگلیزی دەنووسن، بە هۆڵەندی نانووسن، بۆیە دەکرێ بگوترێ زمانی ئینگلیزی لە هۆڵەندی دەوڵەمەندتر و پێشکەوتووتر و بڵاوترە، ئەمە واقیعیەتێکی زمانییە لە مێژووی زمانەکاندا هەمیشە هەبووە و هەیە، کەسیش نکوولی لێ ناکات، ئەمە شۆڤێنیزمی زمانی نییە، هۆڵەندییەکان خۆیان ئەمەیان قبووڵە، هەر بۆیە لە منداڵییەوە بایەخێکی زۆر بە ئینگلیزی دەدەن. ئەمە بەو مانایە نییە کە هۆڵەندی زمانێکە گرامەری نییە، یان زمانێکی جوان و ڕەسەن نییە، یان ڕێکوپێک نییە. پەسندکردنی لەهجەی کوردیی ناوەندی بۆ زمانی ستانداردی کوردی لەبەر ئەوە نییە لەهجەکانی دیکەی کوردی جوان نین، یان ڕێکوپێک نین، یان ڕەسەن نین، بەڵکو بە هۆی ئەو بایەخە زمانییەیە کە بۆ ستانداردبوون هەیەتی و لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوو بەدەستی هێناوە، بە تایبەت لە بواری کۆددانان Codification(٤٥) و دەستوور دانان بۆ زمانێکی ستاندارد و پێشکەوتنی بۆ خوێندن و نووسین و چاپەمەنی لە لەهجەکانی دیکەی کوردی لە پێشترە. ئەوەی نووسەر دەیەوێ بەو پێناسەیەی بۆ شۆڤێنیزمی زمانی، تۆمەتی شۆڤێنیزم بداتە پاڵ بانگەشەکەرانی زمانی تاک ستانداردی کوردی، ئەمە تەنیا داتاشینی ئەفسانەیەکە بە ئامانجی شێواندن و ئاوەژووکردنەوەی ڕاستییەکان.

---

٤٥ – کۆددانان codification لە پرۆسەی بە ستانداردکردنی زمان قۆناغێکە کە زمانەکە فۆرمی دەرەوەی بەرەو یەک شێوە و یەک فۆرمی دەچێت، واتە زمانەکە یەک شێوە ڕێزمانی چەسپاوی دەبێت و لە ڕووی وشە و زاراوەسازی و ڕستەسازی و ڕێنووسەوە یاسا و ڕێسای بۆ دادەنرێت و بەرەو چەسپاوی و یەکگرتوویی دەچێت و فەرهەنگی بۆ دادەنرێت. وەک ئاشکرایە لە نێو هەموو لەهجە سەرەکییەکانی زمانی کوردی، کوردیی ناوەندی لە هەموو لەهجەکانی دی زیاتر لەم ڕووەوە پێشکەوتنی بەدەست هێناوە.

لەلایەکی دی نووسەر خۆی وەک زماناسێک ئەو ڕاستییە زۆر چاک دەزانێ کە پرۆسەی بە ستانداردکردن لە هەموو زمانێک بە هەڵبژاردنی لەهجەیەک دەست پێ دەکا، بەتایبەت ئەو لەهجەیەی کە بایەخی زمانی و فەرهەنگیی لە لەهجەکانی دی زیاترە، ئەوجا ئەم لەهجەیە بە هەموو وشە و موفرەداتی لەهجەکانی دی موتوربە دەکرێ و دەوڵەمەند دەبێ، کە ئەمە پرۆسەیەکی زمانەوانییە و زۆربەی زمانەکان کە بوون بە زمانی ستانداردی نەتەوەیی، پێیدا تێپەڕیون، هەروەک نووسەر خۆی لە چاوپێکەوتنێکی لە گۆڤاری «کوردناسی» پێناسەی زمانی ستاندارد دەکا و دەڵێ: " زمانی ستاندارد، وەک باوە، یەکێک لە لەهجەکانی زمانە کە بە هۆی هەلومەرجی مێژوویی لەلایەن ئاخێوەری لەهجەکانی دی وەک زمانێکی هاوبەش قبووڵ کراوە (یان سەپێندراوە) و بەکار دەهێنرێت، ئەو لەهجەیش لە ڕووی فۆرمەوە گۆڕانی بەسەردا دێت و ئاسانکاری دەکات بۆ ئەم پرۆسەی بەستانداردبوونە"(٤٦)، نووسەر خۆی ئیقرار دەکات کە پرۆسەی زمانی ستاندارد لە لەهجەیەک دەست پێ دەکات، کەچی سەیرە ئەم پرۆسە زمانەوانییە سروشتییە، بۆ کورد بۆ زمانی کوردی و لەهجەی کوردیی ناوەندی بە شۆڤێنیزمی سۆرانی ناو دەبات و هەموو ڕاستییە زمانەوانییەکانیش هەڵدەگێڕێتەوە هەر بۆ ئەوەی ئەو مافە بۆ زمانی کوردی و نەتەوەی کورد نکوولی لێ بکات.

بۆ ئەو شۆڤێنیزمە، نموونەیەک لە نامەی دکتۆراکەی دێنمەوە وەک وەڵامێک و ڕوونکردنەوەیەک بۆ ئەو باڵادەستییە زمانییەی کە کوردیی ناوەندی ئەمڕۆ لە کوردستانی باشوور هەیەتی. لە لاپەڕە ٧١ ی کتێبەکەی « Nationalism and Language in Kurdistan 1918 -1985»، ناسیۆنالیزم و زمان لە کوردستاندا ١٩١٨ –١٩٨٥، کاتێک دێتە سەر بایەخ و پەرەسەندنی لەهجەی هەورامی، دەڵێ: "لەهجەی هەورامی لە سەدەی حەڤدەم و هەژدەم وەک زمانێکی هاوبەشی ئەدەبی پەرە دەستێنێ، تەنانەت لەلایەن غەیرە هەورامییەکانیش لە ناوچەکانی دەوروبەری خۆی بەکار هاتووە، ئەو لەهجەیە وەک زمانێکی ئەدەبی، شان بە شانی زمانی فارسی، بووە بە زمانی دادگا لە میرنشینی ئەردەڵان، لە میرنشینی بابانیش زمانی دادگا بووە، بەڵام دواتر لای بابانییەکان دەگۆڕێ بۆ

---

٤٦ – بۆ دەقی ئەم چاوپێکەوتنە بڕوانە:

مصاحبه با پروفسور امیر حسن پور، زبان، زبانشناسی و زبان کردی، کوردناسی، گاهنامه فرهنگی/سیاسی/ اجتماعی، سال اول / شماره ١ /٢٠٠٨، ص ٦٨.

سۆرانی"(٤٧). لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش، ئایا دەکرێ لەو سەردەمەدا کە لەهجەی هەورامی لەهجەیەکی باڵادەست و هاوبەشیی دوو میرنشینی گەورەی کوردی بووە، کە ئاخێوەرانی سەر بە لەهجەی کوردیی ناوەندی بوون، ئەم دەسەڵاتە زمانییە بە شۆڤێنیزم ناوی ببرێ؟ ئەگەر ئەردەڵان و بابان لەهجەی هەورامییان وەک زمانی ئەدەبی و زمانی دادگا بە کار هێناوە، دەکرێ بڵێین ئاخێوەرانی کوردیی ناوەندی شۆڤێنیزمی هەورامییان قبووڵ کردووە؟ یانیش ئەمە شۆڤێنیزم نییە، پرۆسەیەکی سروشتی پەرەسەندنی زمانە، ناکرێ پێشی لێ بگیرێ. ئەمڕۆ وەک دەبینین هەورامی ئەو بایەخەی جارانی نەماوە، لەم دوو سەد ساڵەی دواییدا لەهجەی کوردیی ناوەندی بێ بڕانەوە ئەو دەورەی گێڕاوە.

ڕەنگە ئەگەر سیاسەتی لەنێوبردنی زمانی و سڕینەوەی ناسنامەی کوردی لەلایەن ئەتاتورک لە باکووری کوردستان نەبوایە، بۆی هەبوو کوردیی باکوور ئەوەندە پەرەی بسەندایە، دەبوو بە تاکە زمانی ستانداردی کوردی بۆ سەرانسەری کوردستان، ئێمە لە باشووری کوردستان لەپێناو زمانی یەکگرتووی کوردی دەستبەرداری لەهجەکەمان دەبووین، ڕەنگە ئەو دێڕانەی ئێستا بە کوردیی باکوور دەبوون نەک کوردیی ناوەندی، بەڵام وەک دەبینین لەم سەد ساڵەی دواییدا پێشکەوتنی زمانی کوردی ئاراستەیەکی دیکەی وەرگرتووە. ناکرێ ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی کوردیی ناوەندی بە جددی وەرنەگیرێ وەک زمانێکی ستاندارد و هاوبەش بۆ هەموو گەلی کورد پەرەی پێ نەدرێ، یان هەر هیچ نەبێ لە بارودۆخی ئێستادا بۆ باشووری کوردستان.

لە باشووری کوردستان، زمانی سریانی بە ڕەسمی ناسراوە، چونکە زمانەکەیان زمانی نەتەوەیەکی کۆنی ئەو ناوچەیە کە پاشماوەی زمانی ئارامییەکانە، هیچ کەسێک ناتوانێ ئەو مافە زمانییە لەو نەتەوە کۆنە بسێنێتەوە، یان مافی زمانی تورکمانەکانی کوردستان، ئەمەش وەک زمانێکی جیا لە زمانی کوردی، مافێکی نەتەوەیی خۆیانە کە زمانەکەیان بۆ خوێندن و پەروەردە بە ڕەسمی بناسرێ. کورد، ئەگەر مافی زمانی ئەو نەتەوانە پێشێل بکات، ئەوە دەکرێ تۆمەتی شۆڤێنیزمی بدرێتە پاڵ، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ باسی لێ دەکرێ لە نێوان دوو لەهجەی زمانێکە، یان جوانتر بڵێین، ڕێکخستنی ناو ماڵی میللەتێکە بۆ ئەوەی لەسەر فۆرمێکی زمانی نووسین و خوێندن ڕێک بکەون.

---

47 - Amir Hassanp Amir Hassanpour, Nationalism and Language in Kurdistan, 1918-1985. San Francisco, Mellen Research University Press, 1992.p.71.

ئەو کێشەیە لە نێو زۆربەی میللەتان هەبووە کە بەم پرۆسەیەدا تێپەڕیون، هەروەک لەسەرەوە باسی ئەزموونی میللەتی ئەلبانی کرا کە پرۆسەیەکی چەندە سەختی بڕیوە تا گەیشتووەتە زمانێکی یەکگرتوو.

هەر زمانی کوردی نییە فرە لەهجەیە، ئەم حاڵەتە لە نێو تێکڕای زمانەکاندا هەبووە و هەیە، تەنانەت زمانە ئەوروپییەکانیش لەسەردەمی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم و بە ستانداردکردنی زمانەکەیان هەمان گرفت و کێشەی لەهجە و زمانی ستانداردیان هەبووە. هیچ کام لەم زمانانە نەهاتن هەموو لەهجەکان بۆ نووسین بە کار بێنن، تەنیا لەهجەیەک بووە بە زمانی ستاندارد. لە ساڵی ١٧٨٩ تەنیا نیوەی خەڵکی فەڕەنسا بە فەڕەنسی «لەهجەی پاریسی بە ستاندارد کراو» قسەیان کردووە، کە لەوانە تەنیا لە ١٢- ١٣٪ بە باشی ئەو زمانەی زانیوە، ئەوانی دی بە لەهجەکانی دی قسەیان کردووە کە لەگەڵ زمانی ستانداردی فەڕەنسی جیاواز بووە. سەبارەت بە زمانی ئیتاڵی ستاندارد کراو کە لەسەر بنەڕەتی لەهجەی توسکانی Tuscan ناوچەی فلۆرەنسا بوو، چونکە ئەو لەهجەیە بەرهەمی ئەدەبی و هونەری زۆری پێ نووسرا بوو، دەبێ بە زمانی کولتووری و ستانداردی هەموو ئیتاڵیا. دوای یەکگرتنی ئیتاڵیا لە ساڵی ١٨٦٠ تەنیا ٢.٥٪ی دانیشتوانەکەی ئەو زمانە ئیتاڵییەیان بۆ پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان بە کارهێناوە، (٤٨) ئەوانی دی بە لەهجەی هەمەچەشنی ئیتاڵی قسەیان کردووە. ئەو دوو لەهجەیە کە بوون بە بنەڕەتێک بۆ زمانی ستانداردی فەڕەنسی و ئیتاڵی لە سەرانسەی وڵاتەکەدا بوون بە زمانی خوێندن و زمانی ڕەسمی وڵاتەکە، ئەمە شۆڤێنیزم نییە و هیچ کەسێک ئەم پرۆسەی بە ستانداردکردنەی بە شۆڤێنیزم ناو نەبردووە، بایەخ و پێشکەوتنی ئەو لەهجەیە بووەتە زەمینە خۆشکەر بۆ زمانی ستانداردی نەتەوە و وڵات.

تێکەڵکردنی سیاسەتی شۆڤێنیستی ئەتاتورک و ڕەزا شا لەگەڵ هەوڵی بە ستانداردکردنی زمانی کوردی، تێکەڵ کردنێکی چەواشەکارانە و نابەجێیە و دوورە لە ڕاستی. سیاسەتی زمانیی ئەتاتورک دژ بە هەموو زمانە غەیرە تورکەکانی ناو تورکیا بوو، سیاسەتی ڕەزا شاش لە دژی هەموو زمانە غەیرە فارسەکانی ناو ئێران بوو، بۆیە لە هەردوو وڵات زمانی کوردی زۆر بە سەختی نکوولی لێ کراوە و چەوساوەتەوە، بەڵام ئەمڕۆ پرۆسەی

48 - E. J. Hobsbawm, Nations and Nationalism since 1780. Programme, Myth, Reality, Cambridge University press, 1990. P. 60 – 61.

بەستانداردکردنی زمانی کوردی لە دژی هیچ گەل و نەتەوەیەک نییە و مافی زمانی هیچ نەتەوەیەکیش پێشێل ناکات. ئەمە مافێکی سروشتی نەتەوەیە کە گەیشتووەتە قۆناغێک لە نێو لەهجەکانی سەر بەو زمانە، پێویستی بە زمانێکی هاوبەش و یەکگرتوو هەیە بۆ نووسین و خوێندن.

نووسەر لەبارەی وشەی«مۆڵگە» کە بە قەولی خۆی نووسەرێکی «سۆرانیخواز» بۆ هەمەچەشنی لەهجەکان بەکاری هێناوە، خۆی زۆر قەڵس کردووە، دەڵێ:" دەکارهێنانی "مۆڵگە" بۆ دەربڕینی مەبەستی سیاسی هەوەڵ جار لە کوردستانی خواروو لە ساڵانی ١٩٦١- ١٩٩١ دا لە تەرکیبی "مۆڵگەی جاشان"دا وە سەرزاران کەوت و ئێستەش لایەنگرێکی ڕێبازی "تەنیا سۆرانی" بۆ لەهجە ناسۆرانییەکان دەکاری دینێ"، لە پاشان دەڵێ: "بەڵام کاتێکی سۆرانیخوازێک نەتوانێ بە زمانێکی تا ڕادەییک بێ لایەنانە بڵێ، بۆ وێنە، "موزاییکی شێوەزارەکان" و لەباتییان وە جنێودان دەکەوێ و دەڵێ "مۆڵگەی شێوەزارەکان"، ئەو بۆچوونە تەنیا ڕق لەدڵی و تووڕەیی نییە و هەڵوێستێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژییانەیە"(٤٩). لەبارەی وشەی «مۆڵگە» کە نووسەر بە سووکایەتی تێ دەگا بۆ لەهجەکان بەکار هاتووە، بەتایبەت بۆ لەهجەی بادینی، ئەم وشەیە هەرچەندە لە بنەڕەتدا بۆ «شوێنی حەسانەوە و مۆڵدانی ئاژەڵ» بەکارهاتوو، بەڵام بەم ساڵانەی دوایی بەتایبەت لە حەفتاکان و هەشتاکان لە کوردستانی عێراق بۆ شوێنی کۆبوونەوەی ئادەمیزادیش بەکارهاتووە، ئەمڕۆ بە تایبەت لە بواری سەربازی و چەکداری لە نووسین بە شێوەیەکی فراوان بەکار دێت، بۆ نموونە دەگوترێ «پێشمەرگەکان گەڕانەوە مۆڵگەکانی خۆیان». گۆڕانی مانای وشە و فراوانبوونی ماناکانی لە سەردەمێک بۆ سەردەمێکی دی لە هەموو زمانێکدا هەیە، ئەمە پرۆسەی گۆڕانی زمانە، بۆ نموونە وشەی «مسرح» لە زمانی عەرەبیدا لە بنەڕەتدا بە مانای شوێنی لەوەڕاندنی ئاژەڵە، بەڵام ئەمڕۆ بۆ شانۆ بەکار دێت. نووسەر خۆی لە مانا لێکدانەوەی وشەکە کورتی هێناوە، کەچی بە ناڕەوا ئەمە بە دیاردەیەکی شۆڤێنیزمی سۆرانی لە قاڵب دەدات و دەیکاتە ڕق لە دڵی سۆرانییەکان دژ بە بادینی و هەڵوێستێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیانە!!

٤٩ - بڕوانە ماڵپەڕی ڕوانگە:

http://ruwange.blogspot.com/2010/03/2.htm accessed 2012.

**جووت ستاندارد، یان فرەستاندارد؟**

ئەگەر بەوردی سەرنج بدرێ لە نووسینەکانی ئەمیری حەسەنپوور و هاوبیرەکانی وەک حەسەنی قازی(٥٠) و جەعفەری شێخولئیسلامی(٥١) لە بارەی بەستانداردکردنی

---

٥٠ - حەسەنی قازی لایەنگرێکی سەرسەختی بۆچوونەکانی حەسەنپوورە. بە وتارنووسین و چاوپێکەوتن و دیداری تەلەفزیۆنی، هەوڵێکی بێوچان دەدا بۆ ئەوەی زمانی یەکگرتووی کوردی دروست نەبێ. بۆ سەلماندنی بۆچوونە چەوتەکانی خۆی و حەسەنپوور پەنا بۆ چەواشەکاری و هەڵگێڕانەوەی ڕاستییە زمانەوانییەکان دەبا. لە وتارێکی بە ناوی «زۆربەی زمانە زیندووەکان فرەستاندارد و فرەناوەندن» باس لەوە دەکا کە زۆربەی زمانانی دنیا فرەستانداردن، نموونەی چەند زمانێکی وەک ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەڕەنسی...تاد دێنێتەوە، کە گوایە فرەستانداردن، بۆیە زۆر پێی ئاساییە ئەگەر زمانی کوردیش فرەستاندارد بێ. نووسەر بە شێوەیەکی چەواشەکارانە هەر بۆ ئەوەی پاساو بۆ فرەستانداردی زمانی کوردی بێنێتەوە، هەوڵی شێواندنی سیستمی ستانداردی ئەو زمانانەش دەدا. وەک ئاشکرایە هەر یەک لەو زمانانە، زمانی تاک ستانداردن، بەڵام تاک ستانداردی فرەسێنتەرن کە لە زماناسی پێی دەگوترێ Pluricentric واتە لە بنچینەدا یەک زمانی ستانداردە، بەڵام بە هۆی دووررکەوتنەوەیان لە یەک، شێوە version ستانداردەکەیان کەمێک لە ڕووی وشە و ڕێنووس و بێژەکردنی چەند دەنگێک جیاوازی دروست بووە، وەک ئینگلیزیی بەریتانی و ئەمەریکی، جیاوازی ئەم دوو شێوە ئینگلیزییە لەسەر بنچینەی دوو لەهجەی زمانی ئینگلیزی پەیدا نەبووە، یەک زمانی ستانداردی ئینگلیزی بەریتانییە لەسەر لەهجەی لەندەن، دواتر کە لە سەدەی پازدەم بە دواوە ئەو زمانە دەچێت بۆ ئەمەریکا و ئەفەریقای باشوور و ئوسترالیا و هیندستان ئەوجا جیاوازییەکان دەست پێ دەکەن دەبێت بە زمانێکی ستانداردی فرەسێنتەر، ئینگلیزیی ئەمەریکی و بەریتانی و ئوسترالیایی و باشووری ئەفریقایی پەیدا دەبێت، بەڵام ئەمڕۆ فرەستانداردی زمانی کوردی لە سەر بنچینەی لەهجەکانی زمانی کوردییە کە ئەمە دوو پرۆسەی تەواو جیاوازە بە هیچ شێوەیەک ناکرێ فرەسێنتەری ئەو زمانانە بە نموونە بهێنرێتەوە پاساوی فرەستانداردی زمانی کوردی پێ بکرێ.

بۆ خوێندنەوەی وتارەکەی حەسەنی قازی بڕوانە ئەم لینکەی خوارەوە:

حەسەنی قازی، زۆربەی زمانەکان فرەستەندەرد و فرەناوەندن

http://ruwange.blogspot.com/2008/05/blog-post_26.html. accessed 2012.

٥١ - د. جەعفەر شێخولئیسلامی بۆ پاساوی بیروڕاکانی خۆی و حەسەنپوور، لە هەموو نووسینەکانی زمان و لەهجە تێکەڵ دەکا و پێی وایە لەهجە کوردییەکان زمانە کوردییەکانن، هەر بۆیە نموونەی زمانی فەڕەنسی و ئینگلیزیی کەنەدا بۆ دوو لەهجەی کوردی دێنێتەوە. لە چاوپێکەوتنێکدا هەر بۆ ئەوەی لەهجە کوردییەکان ببن بە زمان و زمانێکی یەکگرتووی کوردی دروست نەبێ، ئاماژە بەوە دەدات کە ڕەنگ بێ زمانی کوردییش هەمان چارەنووسی زمانی لاتینی بۆ بڕەخسێ و هەر لەهجەیەکی کوردی ببێت بە

لەهجەکان، ئەوەی ئەوان مەبەستیانە تەنیا بە دوو ستاندارد بۆ زمانی کوردی ناوەستێ، چونکە وەک ئاشکرایە زمانی کوردی تەنیا دوو لەهجەی سەرەکی نییە، چوار لەهجەی سەرەکی هەیە، هەر بۆیە بانگەشەکارانی جووت ستاندارد و فرە ستاندارد بە ناوی هەمەچەشنیی کولتووری و مافی یەکسانی لەهجەیی و دیموکراسییەت و مافی مرۆڤ و مافی زمانی، زەمینەسازی دەکەن هەرچی لەهجەی کوردی هەیە لە کوردستان بۆی هەبێ داوای بەستانداردکردنی لەهجەکەی بکات، وەک نووسەر خۆی لە نووسینێکدا دەڵێت: " لە ڕوانگەی زمانناسییەوە، هیچ لەهجەیێک لە لەهجەیێکی تر باشتر نییە. هەر لە هجەیێک دەتوانێ ببێتە زمانی ستاندارد. ستانداردبوون پێوەندی بە بارودۆخی غەیری- زمانی (واتە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی...تاد) هەیە".(٥٢) ئەم قسانە زۆر ڕاستن، بەڵام ئەمە وەک زەمینە خۆش کردن و شەرعیەت بەخشینە بۆ بەستانداردکردنی هەموو لەهجەکان. بێگومان هەموو لەهجەیەکی کوردی دەکرێ زمانێکی ستانداردی لێ دروست بکرێ، بەڵام سیاسەتی زمانی بڕیار دەدا کە زمان چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، ئەگەر نەتەوە ئامانجی یەکگرتنی هەبێ، هەوڵ دەدا زمانەکەی بەرەو یەکگرتن ببات، بۆ ئەمەش لە لەهجەیەکی زمانەکەی دەست پێ دەکات، هیچ گومان لەوەدا نییە کە هیچ نەتەوەیەک نایەوێ هەموو لەهجەکانی زمانەکەی بەرەو زمانی ستاندارد ببات، کۆمەڵێک زمان لە خۆی کۆ بکاتەوە.

هەر لەسەر ئەو بابەتە، نووسەر لە چاوپێکەوتنێکی لە گۆڤاری مەتین سەبارەت بە مافی یەکسانیی بەکارهێنانی لەهجەکان، لە وەڵامی پرسیارێکدا کە ئایا لە نێو پرۆسەی جووت ستانداردکردندا هەر دوو لەهجەی کەڵهوڕی و هەورامی چۆن جێگای خۆیان دەگرن؟ دەڵێ: "ڕەسمیکردنی سۆرانی و کورمانجی کۆتایی بە نابەرابەریی نێوان لەهجەکان ناهێنێ. لەکوردستانی عێراقدا، زۆربەی خەڵک بە سۆرانی و کوردی قسە دەکەن و ئاخێوەرانی لەهجەکانی دی دەبێ مافی زمانی وەک خوێندن و نووسین بە لەهجەی خۆیان هەبێ. لە

---

زمانێکی سەربەخۆ، هەروەک چۆن زمانی لاتینی لە ئەورووپا کۆتایی هات و زمانی فەرەنسی و ئیتاڵی و ئیسپانی و ڕۆمانی و کەتەلانی لێ پەیدا بوو. بۆ خوێندنەوەی دەقی چاوپێکەوتنەکە، بڕوانە:
هێدی، چاوپێکەوتن لەگەل د. جەعفەر شێخولئیسلامی. بڕوانە ئەم لینکەی خوارەوە:
http://hedih.blogspot.com/2004/02/blog-post_23.html accessed 2012.

٥٢ – ئەمیری حەسەنپوور، کوردی وەک زمانێکی جووت ستاندارد لەم لینکەی خوارەوە:
http://www.kurdishacademy.org/?q=node/ accessed 2012.

کۆمەڵگەیەکی فرەلەهجەییدا ڕەسمیکردن، چ ئی یەک لەهجە بێ، چ دوو لەهجە، دابەشکردنی نابەرابەرانەی دەسەڵاتی زمانی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییە و لە بنچینەدا کارێکی نادیموکراتییە"(٥٣). بەپێی قسەکانی نووسەر، بۆ ئەوەی لەهجە کوردییەکان مافی یەکسانیی زمانی بەدەست بێنن، ئەوە پێویستە هەموو لەهجەکان بۆ خوێندن و نووسین بەکار بێن. ئەگەر لەهجەی کوردیی ناوەندی بە ستاندارد بکرێ، ئەوە پێوستە هەموو لەهجەکانی دیکەش ئەو مافەیان بۆ بڕەخسێ وەک لەهجەی کوردیی باکوور «بەتایبەت بنلەهجە بادینییەکەی»، لەهجەی گۆران(هەورامی)، لەهجەی کوردیی خواروو (کەڵهوری) کە کورد لە خانەقین و مەندەلی قسەی پێ دەکەن، و کوردە فەیلییەکانیش لە بەغدا. بەم پێیە، تەنیا لە کوردستانی عێراقدا ئێمە پێویستمان بە چوار زمانی ستاندار هەیە. لەلایەکی دیکەوە، نووسەر کاتێک باسی یەکسانیی لەهجەکان دەکات، دیار نییە مەبەستی لە لەهجە سەرەکییەکانە، یان بنلەهجەکانە. ئەگەر مەبەستی نووسەر یەکسانی بنلەهجەکانی زمانی کوردییە، ئەوە دەبێ لە پاشەڕۆژدا بیست زمانی کوردیمان هەبێ. وەک دیارە زمانی کوردی چوار لەهجەی سەرەکی و زیاتر لە بیست بنلەهجەی هەیە(٥٤).

کەواتە ئێمە وەک نەتەوەیەک نەک هەر نابین بە خاوەن زمانێکی یەکگرتوو، ئەو چەند جیاوازی لەهجەییش کە هەمانە، دەبنە مایەی ئەوەی کە هەر لەهجەیەک لە پاشەڕۆژدا ببێ بە زمانێکی سەربەخۆ، ئیدی هیچ زمانێک نابێ ئێمە لەگەڵ یەک کۆ بکاتەوە. ئەمە ئەگەر هەر مانایەکی دیکەی هەبێ، بەڵام لە ڕووی زمانییەوە دابەشکردن و پەرتەوازەکردنی زمان و نەتەوەیە، بە ناوی مافی یەکسانیی لەهجەیی دروستکردنی گەڕەلاوژەیەکی زمانییە، دروستکردنی هەرێمی زمانییە لە نێو زمانی یەک نەتەوەدا.

نووسەر لە نامەی دکتۆراکەی لە چەند وتارێکی دیکەی بەم دواییە تەئکید لەوە دەکاتەوە کە زمانی کوردی جووت ستانداردە، کەچی لە وتاری دیکە و چاوپێکەوتنی دی باسی یەکسانیی تەواوی هەموو لەهجەکان دەکا. وا پێدەچێ ئەو کاتە لە بیری ئەوە نەبووە کە زمانی کوردی دوو لەهجەی سەرەکی نییە، چواری هەیە، کەواتە لە نێوان ئەم جووت ستانداردییە لەهجەی گۆران و کەڵهوڕ دەبێ لەم مافە بێبەش بن. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە

---

٥٣ – ناسر مینبەری، چاوپێکەوتنێک لەگەڵ دکتۆر ئەمیر حەسەنپوور، گۆڤاری مەتین، ژمارە ١٩٠، ساڵی ٢٠١٠.

٥٤ – الدکتور فؤاد حمه خورشید، اللغة و اللهجات الکوردیة، دار الثقافة و النشر الکردیة، بغداد، ٢٠٠٥. ص١٧.

نووسەر بۆ پلانی زمانی کوردی و ئاراستەکردنی، دیدێکی ڕۆشن و قووڵ و چەسپاوی نییە، بۆچوونەکانی دژ بەیەکن.
ئەمیری حەسەنپوور و هاوبیرانی کە دێنە سەر ئەم باسانە ئەوەندە لە ئەسڵی مەسەلەکە دوورن وەک بڵێی لەدەرەوەی مێژوودا دەژین؛ ئاگاداری ئەوە نین کە کورد لە چ قۆناغێکی مێژوودایە، پێویستییەکانی ئەم قۆناغە بۆ کورد وەک نەتەوە و زمانەکەی چییە؛ ئەوە لەبیر خۆیان دەبەنەوە کە کورد ئەمڕۆ بە پرۆسەی نەتەوەسازی تێپەڕ دەبێ، زمانی تاک ستانداردی کوردی وەک زمانێکی هاوبەشی نووسین بۆ کورد، لەم بوارەدا، ڕۆڵێکی یەکجار گرنگ دەگێڕێ.
بەکارخستنی لەهجەکان وەک زمانێکی ستاندارد ئەنجامێکی زۆر خراپی بۆ سەر کورد وەک نەتەوە و کوردی وەک زمان دەبێ. زمانی ستاندارد دەبێ نەخشی یەکگرتنی نەتەوە بگێڕێ و کارێک بکات ئەندامەکانی یەک نەتەوە لە دەوری زمانێکی نووسین کۆ بکاتەوە، نەک لە ڕێی لەهجەکانەوە لەیەک دابڕین و بنکۆڵکردن و پەرتەوازەکردنی زمان و نەتەوەی لێ بکەوێتەوە.
نووسەر هەر لەسەر بابەتی فرەستانداردی، دێتە سەر زمانی عەرەبی و پێی وایە زمانی عەرەبییش زمانێکی فرەستانداردە، دەڵێ: " زمانی عەرەبی "الفصحى"ش بە تەواوی صرف و نحو و ڕێنووسە یەکگرتووەکەی نەیتوانی یەکێتیی نەتەوەی عەرەب و نیشتمانەکەی بەدی بێنێ و ئێستا بە سەر ٢١ نەتەوە- دەوڵەتدا دابەش بووە و ستانداردی جۆراوجۆری لێ هەڵدەقوڵێ"(٥٥) لە شوێنێکی دی لە چاوپێکەوتنێکدا بە فارسی دەڵێ: زمانی عەرەبی ستانداردی قاهیرە و دیمەشق و مەراکش و بەغدادی....تاد هەیە.(٥٦) بە ڕاستی سەیرە نووسەرێکی ئەکادیمی بواری زمانناسی لەمەڕ زمانی عەرەبیی ستاندارد ئەوەندە بێئاگا بێ و پێی وابێ زمانی عەرەبی ئەو هەموو ستانداردەی هەیە. زمانی عەرەبی زمانێکی تاک

---

٥٥ - ئەمیری حەسەنپوور، شۆڤینیسمی سۆرانی و ئەفسانەکانی، بەشی یەک، هەفتەنامەی فەرهەنگی پاشکۆی ڕۆژنامەی هەولێر، هەولێر، ژمارە ٢٢، ئاداری ٢٠١٠.
٥٦ - مصاحبه با پروفسور امیر حسن پور، زبان، زبانشناسی و زبان کوردی، کوردناسی، گاهنامه فرهنگی/سیاسی/ اجتماعی، سال اول/ شماره ١ /٢٠٠٨، ص٩٨. لەو شوێنەی کە باس لە فرەستانداردی زمانی عەرەبی دەکات دەقە فارسییەکەی ئەمەیە: " در مورد عربی هم، با تجزیەی سرزمین های عربی به حدود بیست دولت-ملت و رشد ناموزون اجتماعی-اقتصادی امروز زبان عربی چند استاندارد دارد: قاهره، دمشق، مراکش، بغداد و غیره."

ستانداردی تۆکمە و پتەوە، لە سەرانسەریی وڵاتانی عەرەبی یەک زمانە بۆ نووسین و خوێندن و ڕاگەیاندن و کارگێڕی، بەڵام لەهجەی هەمەچەشنی هەیە وەک لەهجەکانی ئاخاوتنی دیمەشق و قاهیرە و بەغدا و مەراکش، کە ئەو لەهجانەش تەنیا بۆ ئاخاوتنن نەک نووسین. ئەم ئەفسانە داتاشینەی نووسەر بۆ زمانی عەرەبی کە گوایە زمانێکی فرەستانداردە بۆ ئەوەیە تا پاساوی جووت ستانداردی و فرەستانداردی بۆ زمانی کوردی پێ بکات، بەڵام خۆزگە ئەمیری حەسەنپوور و هاوبیرانی زمانی عەرەبییان دەکرد بە ڕێنما و سەرمەشقی خۆیان بۆ بەستانداردکردنی زمانی کوردی، ئەوسا تێدەگەیشتن کە زمانێکی یەکگرتوو بۆ نەتەوەیەکی فرەلەهجە و فرەکولتوور چەندە گرنگە.

ڕاستە زمانی یەکگرتووی عەرەبی یەکێتیی سیاسیی نەتەوەی عەرەبی بەدی نەهێناوە، بەڵام ئەو زمانە هۆکارێکی زۆر گرنگی مانەوەی میللەتی عەرەبە بە یەکگرتوویی، ئەو زمانە بەدرێژایی مێژوو و هەتا ئەمڕۆش تەنیا پێوەندییەکە کە گەلانی عەرەبی بە یەک دەبەستێتەوە، ئەگەر ئەم زمانەش نەبوایە، ئەوە لەمێژ بوو دەبوون بە نەتەوە و میللەتی جیاوازیی عەرەبی و هیچ کامیان لەیەک تێ نەدەگەیشتن و لەیەک دوور دەکەوتنەوە، وەک ئەوەی لە ئەورووپا بەسەر زمانی لاتینیدا هات، کە پاشماوەی ئەو زمانە لە باشووری ئەورووپا نەتەوەی ئیتاڵی و فەڕەنسی و ئیسپانی و کەتەلان و ڕۆمانی لێ پەیدا بوو(٥٧)، ئەگەر ئەو زمانە عەرەبییە یەکگرتووە نەبایە، میللەتی عەرەبیش هەر وای بە سەر دەهات.

## زمانی ستاندارد بۆ باشووری کوردستان نەک بۆ کوردستانی گەورە

ئەمڕۆ باسوخواس لەبارەی زمانی ستانداردی کوردی بۆ باشووری کوردستانە، ئەو هەرێمە ئەوە بیست ساڵێک دەبێ لە ژێر ئیدارەی کورد خۆیەتی، بۆ سیستمی کارگێڕی و خوێندن لە قوتابخانەکان و زانکۆکان پێویستی بە زمانێکی ستانداردی یەکگرتووی کوردی هەیە، بۆیە کە باس دێتە سەر زمانی ستانداردی کوردی مەبەست لەم بەشەی کوردستانە، چونکە لەوێ زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبی بە ڕەسمی ناسراوە. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە بۆ کوردستانی گەورە پێویستیمان بە زمانێکی سەرانسەری نییە، بەڵام لە بارودۆخی ئێستا کە زمانی کوردی بە دوو ئەلفوبێی جیاواز دەنووسرێ، ئەم دوو ئەلفوبێ

57 - Tore Janson, The History of Languages, An Introduction, Oxford Textbook in Linguistics, Oxford University Press, UK. 2012. pp.103 & 116.

جیاوازە بۆتە کۆسپێکی سەرەکی لەبەردەم یەکگرتنی میللەتی کورد، تا ئەلفوبێ یەکگرتوو نەبێ، ناکرێ باس لە زمانێکی سەرانسەری بۆ کورد بکرێ. وەک ئەزموونی ئەلبانیا کە لەسەرەوە باسی کرا، لە پێشدا ئەلفوبێ کرا بەیەک، ئەوجا هاتنە سەر باسی زمانی ستاندارد بۆ هەموو ئەلبانییەکان.

ئەمیری حەسەنپوور و هاوبیرەکانی بۆ ئەوەی بەهانە بۆ جووت ستانداردییەکەیان بێننەوە، ئەسڵی مەسەلەکە لەبەر یەک دەترازێنن و بەرەو ئاقارێکی دیکەی دەبەن و تەواو لە ڕاستی مەسەلەکە دوور دەکەونەوە، بە شێوەیەکی ڕۆمانسیانە، باس لە کوردستانی گەورە دەکەن کە ئەو هەموو لەهجە و زار و شێوەزارەی هەیە، زۆربەی دانیشتوانی کورد سەر بە لەهجەی کرمانجین، کەواتە تاک ستانداردی دەبێتە مایەی فەرامۆشکردنی هەمەچەشنیی زمانی و کولتووریی کورد. ڕەنگە لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە ئەو تاک ستانداردییەی باشووری کوردستان بۆ باکوور دەست نەدات، چونکە ئەوان نە ئەو لەهجەیە بە باشی تێ دەگەن، نەدەتوانن بەو ئەلفوبێ کوردی - عەرەبییە بخوێننەوە، نە لەوێ مافی زمانی و کولتووریی نەتەوەییان بەدەست هێناوە تا بتوانن ئەو زمانە لەوێ جێبەجێ بکەن، بۆیە ئێمە دەبێ بزانین باسی زمانی ستانداردی کوردی بۆ کام بەشی کوردستان دەکەین.

لە باشووری کوردستان نەک ئەمڕۆ، دەبوایە بیست ساڵ پێش ئێستا ئەو کێشە زمانییە چارەسەر بکرایە، زمانی تاک ستانداردی کوردی بۆ خوێندن و زانکۆ و کاروباری ئیداریی حکوومەت جێبەجێ بکرایە، بەڵام لە ئەنجامی نەبوونی ئەکادیمیایەکی زمانی چالاک و نەبوونی پلانێکی زمانی پێشکەوتوو بۆ نەتەوە، بێسەروبەری و شەڕی ناوخۆ و ململانێی سیاسی و حزبی، لەهجەپەرستی و ناوچەپەرستی، ئەم کێشەیەی بەم ڕۆژە گەیاند، کە ئەمڕۆ زمانی کوردی و بوونی نەتەوەی کوردیان لەبەردەم مەترسییەکی گەورە داناوە.

**مافی زمانی، یان مافی لەهجەیی؟**

ئەمیری حەسەنپوور و هاوبیرەکانی کە دێنە سەر پرسی بەستانداردکردن، هەمان ئەو مافەی کە زمانێک پێویستە هەیبێت، بۆ هەموو لەهجەیەک داوای دەکەن، واتە چەمکی لەهجە و زمان لەگەڵ یەک تێکەڵ دەکەن، یان هەر لەهجەیەکی کوردییان لێ دەبێ بە زمانێک و وەک زمانێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. بۆ نموونە دەڵێن لە سویسرا چوار زمانی ڕەسمی هەیە، لە بەلجیکا سێ زمانی ڕەسمی هەیە، لە کەنەداش دوو زمان

هەیە، ئیدی بۆ دەبێ لە کوردستان دوو زمانی ستاندارد نەبێ؟(٥٨) بەڵێ ئەوانە زمانن و زمانی نەتەوەی سەربەخۆن و بە لەهجە ناژمێردرێن، مافی خۆیانە ڕەسمی بن. بەلجیکا سێ زمانی ڕەسمی هەیە، کە یەکێکیان هۆڵەندییە پێی دەڵێن «فلامیش»، لەگەڵ زمانی فەڕەنسی و ئەڵمانی. ئەمانە هەرسێک زمانی سێ نەتەوەی گەورەی هاوسێی ئەو وڵاتەن کە سێ زمانی ستانداردیان هەیە. سویسرا چوار زمانی تێدایە هەر چوار زمانەکە زمانی چوار نەتەوەی جیاوازە، بەڵام کە باسی کوردیی ناوەندی لەگەڵ کوردیی باکوور دەکرێ ئەمانە دوو لەهجەن نابێ وەک دوو زمان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ. ئەگەر بنزاری بادینی زمانێکی سەربەخۆیە و لەهجە نییە، ئەوە پێویستە مافە زمانییەکانی دابین بکرێ و وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆش مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، ئەگەر لەهجەیەکی زمانی کوردییشە- کە هیچ گومان لەوەدا نییە لەهجە نەبێت- ئەوە دەبێ وەک لەهجە سەیری بکرێ، بەڵام بانگەشەکارانی زمانی جووت ستاندارد و فرەستاندارد هەرچەندە زمانناسی شارەزایان تێدایە کە دێنە سەر مشتومڕی بە ستانداردکردنی زمانی کوردی، ڕیسەکەیان لێ دەبێتەوە بە خوری، زمانی فەڕەنسی و ئینگلیزی و ئەڵمانی و زمانی تورکمانی و عەرەبی و سریانی و لەهجەی کرمانجی و سۆرانی و هەورامی و فەیلی و، .. هەموو لەیەک ئاست دادەنێن و وەک زمانی سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن.

ئەمیری حەسەنپوور چ لە نامەی دکتۆراکەی و چ لە نووسینی دیکەی تەئکید لەسەر لەهجەبوونی لەهجە کوردییەکان دەکاتەوە؛ لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ گۆڤاری ئارمانجدا، دەڵێ: "زاراوە(لەهجە) بەشێکە لە زمانێک. کاتێک ئێمە دەڵێین کرمانجی، سۆرانی، دملی (زازایی)، هەورامی زاراوەی کوردین، بەر لە هەموو شتێک لەبەر ئەوەیە کە لێک نزیکن." لە وەڵامی پرسیارێکی دی کە لەسەر چ ئەساسێک ئەو لەهجانە کوردین، دەڵێ: "لەسەر ئەساسی فۆنۆلۆژی، گرامێر، سێنتاکس و مۆڕفۆلۆژی لێک نزیکن. کاتێک تۆ سۆرانی دەگەڵ فارسی پێک بگری، دەبینی کە زیاتر لە کرمانجی نیزیکە تا لە فارسی. ڕاستە فارسی،

---

٥٨- بۆ بیروڕای جەعفەر شێخولئیسلامی لە بارەی فرەستانداردی و پشتگیریی بۆ ئەمیری حەسەنپوور بڕوانە ئەم لینکەی خوارەوە:

جەعفەر شێخولئیسلامی، پێشوازی لە هەڵوێستی پرۆفیسۆر ئەمیری حەسەنپوور بۆ وڵامدانەوە بە پەیام بۆ"بە فەرمیی کردنی کرمانجیی خواروو" پشتیوانی لە زانستە

http://ruwange.blogspot.com/2008/04/blog-post_30.html accessed 2012.

سۆرانی، کرمانجی ڕەگوڕیشەیان یەکە، بەڵام کرمانجی و سۆرانی لە چاو فارسی لێک نزیکترن. بێگومان هۆیەکەی دیکەی مێژوویی و سیاسییە کە کرمانجی، سۆرانی، دملی، هەورامی، هەموو خۆیان و یەکتر بە کورد دەزانن. لە لای ئەحمەدی خانییش کورد و کرمانج هەر یەک مانایان هەبووە."(٥٩) پێناسەکەی بۆ لەهجە کوردییەکان زۆر ڕاست و بەجێیە(٦٠). لێرەدا ڕوون دەبێتەوە کە ئەو هیچ گومانی نییە کە کوردیی ناوەندی(سۆرانی) و باکوور(کرمانجی) دوو لەهجەی کوردین، زمانی سەربەخۆ نین و بەشێکن لە زمانێک، کەچی خودی نووسەر کە دێتە سەر پرسی بە ستانداردکردن، «سۆرانی و کرمانجی» لێ دەبێتە دوو زمانی سەربەخۆ، هەموو مافەکانی زمانێکی سەربەخۆ بۆ ئەم دوو لەهجە کوردییە داوا دەکات وەک بەکارهێنانیان بۆ ئیدارە و پەروەردە، لەسەر پارە و پاسپۆرت نووسینیان...تاد. لەم بارەیەوە دەڵێ: "وادیارە شۆڤێنیسمی سۆرانی ناتوانێ لەو چوارچێوەیە بێتەدەر کە شۆڤێنیسمی نەتەوەکانی دی دایانڕژتووە. بۆ وێنە، کاتێکی من پێشنیار دەکەم کە لە "حکوومەتی هەرێمی کوردستان" دا دەکرێ دوو لەهجە ڕەسمی بن و بەڵگە ڕەسمییەکان وەکو پاسپۆرت و پارە بە هەردوو لەهجە بنووسرێن، سۆرانیخوازەکان وەپێش حاکمەکانی بەغدا دەکەون و بە سەرسووڕمانەوە دەڵێن شتی وا هەرنابێ و بە سووکایەتیکردنەوە دەڵێن ئەوە کۆمێدییە"(٦١). بۆ نموونە کاتێک نووسەر ئیشارەت بە پارەی چەند وڵاتێک دەدات، کە بە چەندین زمانی جیاواز نووسراون، ئیدی ئەمە دەکاتە پاساوێک بۆ ئەوەی پارە و دۆکیۆمێنتە ڕەسمییەکانی هەرێم بە دوو لەهجەی کوردیی باکوور و ناوەندی بن، نووسەر دەڵێ: "ڕەنگە ئەوە ئاشکرا بێ کە لە ڕوانگەی ئەتاتورک و

---

٥٩ - وتووێژ دەگەڵ دکتۆر ئەمیری حەسەنپوور، زمان و زاراوە، بۆ دەقی چاوپێکەوتنەکە بڕوانە ئەم ماڵپەڕە:

http://hedih.blogspot.com/2004/02/blog-post_07.html, accessed 2012.

٦٠ - بۆ جوداکردنەوەی زمان و لەهجە تا ئێستا هیچ پێوەرێکی زمانەوانی نییە لە یەکیان جودا بکاتەوە، پێوەرەکان زیاتر کولتووریی و مێژوویی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و سیاسین، بەپێی ئەم پێوەرانە ئەم لەهجە کوردییانە بە درێژایی مێژوو لای کورد و نەتەوەکانی دەوروبەریان بە کوردی ناسراون، ئەمە هەرچەندە هەندێک لەهجە لەیەک حاڵیبوونیان نەبووە، بەڵام بە هۆی هاونەتەوەیی و تێکەڵاوی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریی ئاخێوەرانیان لەگەڵ یەک، شێوە زمانەکەیان بە بەشێک لە زمانی کوردی زانیوە. ئەمیری حەسەنپووریش هەر لەم ڕوانگەوە زیاتر لە لەهجە کوردییەکان دەڕوانێ.

٦١ - ئەمیری حەسەنپوور، شۆڤینیسمی سۆرانی و ئەفسانەکانی، بەشی یەک، هەفتەنامەی فەرهەنگی هەولێر، ژمارە ٢٢، ئاداری ٢٠١٠.

ڕەزاشا و حاکمانی بەغدا و زمانناسەکانیان نەتەوە یەکە و یەک زمانی هەیە و زمانەکەی یەک لەهجەی ئەدەبی و ستانداردی هەیە، بەڵام ئەوەی شۆڤینیستەکان لە خەیاڵی خۆیاندا بە نەڕەخساویی دادەنێن لەمێژە لە ژیانی زمانی و سیاسیی گەلانی دنیادا لە قەڵەمڕەوی ڕەخساوییدا وەدی هاتووە. ئێستەکانێ پارەی کاغەزیی دە ڕووپیەی هیندی بە حەڤدە زمان، پارەی چینی بە پێنج زمان، پارەی سریلانکا و سویسی هەرکامیان بە چوار زمان و ناسنامەی سویسی بە پێنج زمان دەنووسرێن، هەروەها لە پارلمانی کانادا بە دوو زمان و لە بێلژیک بە سێ زمان قسان دەکەن"(٦٢). زۆر سەیرە نووسەر دووبارە جیاوازیی زمان و لەهجە ناکات، وڵاتێکی وەک هیندستان کە قارەیەکە دانیشتوانەکەی ١.١٨ ملیارە، مۆزائیکێکی گەل و نەتەوەی هەمەچەشنە، زمانی هەمەچەشنی تێدایە، ئەمە دەکاتە بەهانەیەک بۆ ئەوەی ئاخێوەرانی کوردیی باکوور و ناوەندی بکا بە دوو نەتەوە و دوو زمانی سەربەخۆ. ئەو زمانانەی لەسەر پارەی کاغەزیی دە ڕووپیەی هیندی هەیە، زمانی نەتەوە جیاوازەکانی هیندستانە نەک لەهجەکانی زمانێک، کە ئەمانەن: هیندی، ئەسامی، بێنگاڵی، گوجاراتی، پونجابی، نیپاڵی، کەشمیری، تامیلی، تێلوگو، کاننادا، مالایالام، ئۆریا، کۆنکانی، ماراتی، سانسکریتی، ئوردو، ئۆدیا. هەر یەک لەو زمانانە چەندین لەهجە و بنلەهجەی هەمەجۆری هەیە، سەر بە خێزانە زمانی جیاوازیشن، هەندێکیان ئەلفوبێی جیاوازیان هەیە، بۆ نموونە ئوردو و کەشمیری ئەلفوبێی عەرەبی بەکار دێنن. لە هیندستان نەک حەڤدە زمان، زیاتر لە سەد زمان هەیە. بەپێی سەرژمێری ٢٠٠١، ٢٩ زمان لە هیندستان ئاخێوەرانی ژمارەیان لە ملیۆنێک زیاترە، «بۆ نموونە زمانی هیندی ٤٢٢ ملیۆن ئاخێوەری هەیە، بێنگاڵی ١٨٠ ملیۆن، گوجاراتی ٤٦ ملیۆن، ئەسامی ١٣ ملیۆن، کەشمیری ٥.٥ ملیۆن، پونجابی ٢٩ ملیۆن، تامیلی٦١ ملیۆن، کاننادا ٣٨ ملیۆن، تێلوگو ٧٤ ملیۆن...تاد»، ٦٠ زمان ئاخێوەرانی ژمارەیان لە ملیۆنێک کەمترە و لە ١٠٠ هەزار زیاترە، ١٢٢ زمان ژمارەی ئاخێوەرانی لە ١٠ هەزار زیاترە و لە ١٠٠ هەزار کەمترە.(٦٣) ئەمە زۆر ئاساییە بۆ وڵاتێکی وەک هیندستان بەم هەموو گەل و نەتەوە جیاوازە، لەسەر پارەکەی نەک بە حەڤدە زمان بە چەندین زمانی دیکەی جیاوازی نەتەوە و گەلە جۆربەجۆرەکانی ئەو وڵاتە

---

٦٢ – هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٦٣ – بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی زمانەکانی هیندستان بڕوانە ماڵپەڕی ویکیپیدیا:
http://en.wikipedia.org/wiki/Languages_of_India accessed 2012.

بنووسرێن، ئەمە فرەزمانی و فرەکولتووری ئەو وڵاتە نیشان دەدات، بەڵام بە نیسبەت کوردیی ناوەندی و باکوور، یان بە قەولی خۆی «کرمانجی و سۆرانی» ئەمانە دوو نەتەوەی جیاواز و دوو زمانی جیاواز نین، ئەمانە دوو لەهجەی زمانی کوردین نابێ وەک دوو زمانی سەربەخۆ لەسەر پارە بنووسرێن. دەکرێ لەسەر پارەی عێراقی بە زمانی هەموو نەتەوە جیاوازەکانی عێراق بنووسرێت وەک عەرەبی، کوردی، تورکمانی، سریانی، ئەمە زۆر ئاساییە، بەڵام نووسینی بە دوو لەهجەی کوردی، دابەشکردنی کوردە بەسەر دوو زمان و دوو نەتەوەی جیاواز. نووسەر دەیەوێ لە ڕێی پارەی دە ڕووپیەی هیندی ئەفسانەیەک داتاشێ بۆ ئەوەی پاساوی جووت ستانداردی و فرەستانداردی زمانی کوردی پێ بکات، لەپاڵ ئەوەش (بادینی و سۆرانی) بکات بە دوو نەتەوەی جیاواز و دوو زمانی جیاواز..!.

ئەمیری حەسەنپوور و هاوبیرانی لەگەڵ لەهجە کوردییەکان دووچاری وەهم و ئیشکالیەتێکی گەورەی کولتووری و زمانەوانی بوون، پاشخانی نەتەوەیی و ئەتنیکی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریی ئەو لەهجە کوردییانە کە پێکەوە ناسنامەی نەتەوەیی زمانی کوردی پێک دێنن، زۆر بێباکانە ئەم ناسنامە زمانییە لەم لەهجانە دادەماڵن، هەر لەهجەیەک دەکەن بە زمانێکی سەربەخۆی نەتەوەیەکی سەربەخۆ، بۆیە وا بە کوڵ و دڵ بە ناوی ئازادیی زمانی و دیموکراسییەت خۆیان لێ بووە بە ڕزگارکەری چەوساوەکان لە ژێر دەستی «شۆڤێنیزمی سۆرانی»، شێلگیرانە پێداگری لە مافی یەکسانیی بەکارهێنانی هەموو لەهجەکان دەکەن، بەڵام ئەمە هەتا چەند گونجاوە و چۆن جێبەجێ دەکرێ؟ پاشەڕۆژی زمانی یەکگرتووی کوردی و نەتەوەی کورد چی بەسەر دێ، لای ئەوان جێگەی باس نییە و گرنگیش نییە. ئەوان باوەڕیان بەوە نییە کە یەک نەتەوە دەبێ یەک زمانی هەبێ، لای ئەوان یەک نەتەوە دەکرێ دوو زمانی ستانداردی هەبێ، یان زیاتر، نموونەشیان ئەو زمانانەیە کە لەسەرەوە باسی لێوە کرا. لای ئەوان بەکارهێنانی لەهجە کوردییەکان بە یەکسانی، ئەمە مەسەلەی بەدیموکراسیکردنی زمانە، ئەگەر هەرچەندە ئەمە لە ئاکامدا بە مەرگی زمانی کوردیش تەواو بێت. وەک نووسەر خۆی دەڵێ "سۆرانی، ئێستا لە پلەی دەسەڵاتداریدایە و سۆرانی-ئاخێوان دەبێ زیاتر و زووتر لە کورمانجی - ئاخێوان و ئاخێوەرانی لەهجەکانی دی ئاڵای دیموکراسی زمانی و

مافی زمانی هەڵبکەن، ئەو ناکۆکییە وەک کێشەی ماف و دیمۆکراسی چاولێ بکەن نەک وەک کێشەی دەم بەهاوارانەی "چەند پارچە بوونی نەتەوە".(٦٤)
تێکەڵ کردنی مافی لەهجەیی و زمانی و بەستنەوەیان بە مەسەلەی دیموکراسییەت و مافی مرۆڤ، ئەو باسەی زۆر بە چڕی تەمومژاوی کردووە. نووسەر بۆ ئەم مەبەستەش ئیشارەت بە جاڕنامەی جیهانیی مافی زمانی دەکات و دەڵێ: " لە دنیای زمان و سیاسەتدا لە سی ساڵی ڕابردوودا، هەنگاوی خێرا بەرەو نیزامێکی زمانیی دیموکراتی هەڵێندراوە. بۆ وێنە، لە زانستی زمانناسیدا ئێستا باسی "زمانناسیی ڕزگاریخوازانە" دەکرێ و پێوەندییەکانی دەسەڵات و زمان بە شێوەیەکی بەرینتر لە جاران لێک دەدرێتەوە و تیۆریزە دەکرێ. لە بواری مافیشدا، مافی زمانی ئێستا بە شێوەیەکی بەرین و قووڵ وەکو "بەیانییەی جیهانی مافە زمانییەکان"(١٩٩٦) گەڵاڵە کراوە و لە لایەن یۆنیسکۆ، و زۆربەی ڕێکخراو و بزووتنەوەکانی مافی مرۆڤ و زمانناسان پەسندکراوە"(٦٥) دووبارە نووسەر لەهجە لەگەڵ زمانێکی سەربەخۆ تێکەڵ دەکات. ئەوەی لە جاڕنامەی جیهانی مافی زمانی هاتووە زۆر ڕاستە، میللەتی کورد سەدەیەکە لەپێناو ئەم مافانە خەبات دەکات، ئەمڕۆ ناکرێ ئەم مافانە لە نەتەوەیەکی دی زەوت بکات. ئەم جاڕنامە جیهانییە دژ بە چەوسانەوەی زمانییە کە لە هەر شوێنێکی جیهاندا دژ بە گەلێک یان نەتەوەیەکی دیاریکراو ئەنجام بدرێ، بۆ نموونە ئەگەر کورد مافی زمانیی تورکمانەکانی کوردستان یان مەسیحییە سریانییەکان پێشێل بکات، ئەمە چەوسانەوەی زمانییە لەلایەن کورد. جاڕنامەی جیهانی باسی لەهجەکانی زمانێک ناکات کە لە نێوان خۆیان ڕێک دەکەون لەهجەیەک بکەن بە زمانی ستاندارد بۆ نەتەوەکەیان، باسی ئەوە ناکات کە زمانێک چەند لەهجەی هەیە هەر هەمووی دەبێ بۆ نووسین بخرێتە کار و بە ستاندارد بکرێ، ئەوان هیچ پێوەندییەکیان بە میللەتێک نییە کە دەیەوێ کاروباری زمانیی خۆی ڕاستە ڕێ بکات. زمانناسی ڕزگاریخوازانە بەو مانایە نییە کە نەتەوەیەک دە هەتا پازدە زمانی هەبێ، ئەگەر بەو مانایە بێ، ئەوە دەبێ ئەو وڵاتانەی کە ئەو دروشمەیان هەڵگرتووە ڕێگە بدەن منداڵەکانیان بە لەهجە مەحەلییەکانی زمانی نەتەوەکەیان لە قوتابخانەکان بخوێنن. وەک ئاشکرایە لە هیچ

٦٤ – ئەمیری حەسەنپوور، شۆڤینیسمی سۆرانی و ئەفسانەکانی، بەشی یەک، هەفتەنامەی فەرهەنگ، پاشکۆی ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە ٢٢، ئاداری ٢٠١٠.
٦٥ – هەمان سەرچاوەی پێشوو.

وڵاتێکی دیموکراسی ئەم ئاژاوە زمانییە بۆ خۆیان دروست ناکەن، بۆیە زۆر نابەجێیە، دیموکراسییەت و مافی مرۆڤ و جارنامەی جیهانی مافی زمانی بکرێن بە ئامرازێک بۆ لەباربردنی پرۆسەی بەستانداردکردنی زمانی کوردی لە کورستاندا، ئەمە تەنیا بۆ چاوبەست و چەواشەکردنی ئەسڵی بابەتەکەیە و ماسی گرتنە لە ئاوی لێڵ.

ئەمیری حەسەنپوور لە سیمینارێکدا لە ساڵی ٢٠١٢ لە سوێد، دژایەتی خۆی بۆ زمانێکی ستانداردی یەکگرتووی کوردی دووبارە دەکاتەوە، دەڵێ: " هەتا سیاسەتی زمانی دیموکراتیزەتر بێ، ئیمکانی یەکگرتنی گەلان، ئیمکانی یەکگرتنی چینی کرێکار، ئیمکانی یەکگرتنی زەحمەتکێشان زیاتر دەبێ. هەتا زیاتر بڵێی نەتەوە، یانی یەک زمان، یەک وڵات، یەک لەهجە، زووتر، دووبەرەکی و سەدبەرەکی دروست دەبێ. ڕێگا دیموکراتیزە کردنە. کەسێک کە باوەڕی بە دیموکراتیزەکردنی ژیانی خەڵک بێ لە کوردستان، یان لە ناوچەدا، دەبێ لە باری زمانیدا، هەروەها لە باری سیاسیدا، دەبێ سیاسەتێکی تەواو دیموکراتیکی هەبێ. ئەگەر نەیبێ، شۆڤێنیزم سەردەکەوێ"(٦٦). ئەمە زۆر ڕاستە ئەگەر دیموکراتیزەکردن لە نێوان زمانەکان بێ وەک زمانی کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی و تورکمانی و سریانی...تاد، بەڵام جێبەجێ کردنی دیموکراسییەت لە نێوان لەهجەکانی زمانێک دابەشکردنی گەلە نەک یەکگرتنی گەل. وەک دیارە نووسەر زیاتر لە خەمی چینی کرێکاردایە نەک نەتەوە، پێی وایە زمان دەبێ لە بەرژەوەندیی چینی کرێکار و زەحمەتکێشدا بێت نەک لە بەرژەوەندیی نەتەوە، واتە لەپێناو یەکگرتنی چینی کرێکار با نەتەوەی کورد دابەش بێ. ئەمەیە کێشە فکرییەکانی حەسەنپوورە لەگەڵ زمانی ستانداردی یەکگرتووی کوردی، چونکە خۆی هەر لە بنەرەتدا باوەڕی بە نەتەوایەتی و یەکێتیی نەتەوەی کورد نییە.

حەسەنپوور لە مێزگردێک لە ساڵی ٢٠١٣ لە کەنەدا سەبارەت بە مافی زمانی دایک لە ئێران؛ زمانی فارسی وەک زمانی نەتەوەی سەردەست قبووڵ دەکات، سەرباری ئەوەش، پێی باشە فارسی بکرێ بە زمانی هاوبەشیی هەموو نەتەوەکانی نێو ئێران و دەڵێ: " زۆربەی نافارسی زمانەکان کە بۆچوون دەردەبڕن، قەبووڵیانە کە ئێران وڵاتێکی چەند

---

٦٦ – بۆ درێژەی ئەم سیمینارە بڕوانە ماڵپەڕی ڕوانگە:
http://ruwange.blogspot.com/2012_05_01_archive.html accessed 2012

میللیەتییە، چەند زمانییە و فارسی زمانی هاوبەشە"(٦٧)، لای حەسەنپوور ئەمەیان شۆڤێنییەت نییە کە نەتەوەیەکی سەردەست زمانێکی نەتەوەیی خۆی هەبێ و لە هەمان کاتدا هەر ئەو زمانەش بکرێ بە زمانی هاوبەش بۆ نەتەوەکانی دی، بەڵام کە دێتە سەر باسی زمانێکی هاوبەش بۆ کورد ئەو مافە بۆ کورد بە ڕەوا نابینێ و بە شۆڤێنییەت ناوی دەبا، ئەمەش تێڕوانینێکی دووفاقییانەیە بۆ مافی زمان و ناسنامەی زمانی. بۆ زمانی نەتەوەیەکی سەردەست هەموو ئیمتیازێکی زمانی پێ دەبەخشێ، بەڵام نەتەوەیەکی ژێردەستە و چەوساوە، ئەو مافە زمانییەی پێ ڕەوا نابینێ. بۆ لەهجەکانی زمانی فارسییش هیچ کێشەیەک دروست ناکات، لەوێ داوای مافی یەکسانیی لەهجەکان ناکات، بە شۆڤینیزمیش ناوی نابات، ئەم زاراوە ناقۆڵایە تەنیا دژ بە کورد و یەکگرتنی زمانی کوردی بەکار دێنێت.

نووسەر ئەوەندە لە ئامانجی زمانێکی یەکگرتوو بۆ کورد دوورە، هەموو هەوڵێک دەخاتە گەڕ و هەموو ئامرازێک بەکار دێنی، تەنانەت بنەماکانی زمانناسیش هەڵدەوەشێنێتەوە هەر بۆ ئەوەی کورد نەگات بە ئامانجی زمانێکی هاوبەش بۆ نەتەوەکەی.

دەکرێ ئەو پرسیارە لە نووسەر بکرێ، بۆچی مەگەر کورد بە شیاوی ئەوە نابینێ سیاسەتی زمانی خۆی هەبێ بۆ نەتەوەکەی؟ ئەگەر کورد هەوڵی دروستکردنی ئەو زمانە بدات ئەوە کارێکی دژ بە دیموکراسییە؟ لە کام وڵاتی دنیا دروستکردنی زمانێکی ستانداردی نەتەوەیی بە پرۆسەیەکی دیموکراسی بەڕێوە چووە هەتا لای ئێمە بە دیموکراسی بێ؟ لە کام وڵاتی دیموکراسی دنیا بە لەهجە دەخوێندرێ؟ لە کام وڵاتی دیموکراسی دنیا یەکسانیی لەهجە جێبەجێ کراوە؟ یانیش بە لەهجە سیستمی ئیداری وڵات بەڕێوە چووە؟ ئەمانە لە هیچ وڵاتێکدا نییە، ئەمە تەنیا پرۆژەی ئەمیری حەسەنپوور و هاوبیرانیەتی بۆ زمانی کوردی.

ناکرێ و مەنتیقی نییە، هەر لەپێناو پاراستنی هەموو لەهجەکان وەک خۆی، ژیانی سیاسی و ئابووری و کولتووریی هەموو نەتەوەکە بکەوێتە نێو ئاژاوەی زمانییەوە، ناکرێ هەر بۆ پاراستنی لەهجەیەکی ناوچەیی، ئامانجی نەتەوەیەک بۆ زمانێکی هاوبەشیی نووسین و خوێندن فەرامۆش بکرێ و نەتەوە لە هەموو بوارەکانی ژیانی دوا بکەوێت.

---

٦٧ - بۆ درێژەی ئەم باسە بڕوانە ماڵپەڕی ڕوانگە:

http://ruwange.blogspot.be/2013/02/blog-post_23.html accessed 2012

له زماناسیی مێژوویی Historical Linguistics دا هاتووە: هەموو دیاردەیەکی فیزیکی گەردوون و هەموو دیاردەکانی ژیانی مرۆڤ لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە، زمانیش لەم گۆڕانە بەردەوامە بەدەر نییە(٦٨)، بۆیە هیچ زمانێک و لەهجەیەک وەک خۆی نامێنێتەوە، هەندێک لەهجە کەم بایەخ دەبێت و لەپاڵ ئەوە لەهجەی دی پەیدا دەبێت. ئەم پرۆسەیە لە مێژووی زمانەکاندا هەر هەبووە و بەردەوامیش دەبێ. هیچ زمانێکیش لە ئەزەلدا زمان نەبووە و هیچ زمانێکیش هەتا سەر بە زیندوویی نامێنێتەوە. لەم گۆڕانە بەردەوامەی زمان، ئەوە مرۆڤە پلانی زمان دادەنێت و زمان بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆی ئاراستە دەکات، ئەگەر لە پلانی زمان بۆ نەتەوە پاراستنی لەهجە گرنگ بێ، ئەوە بێگومان زمانی هاوبەش بۆ نەتەوە گرنگترە، بەتایبەت بۆ ئێمەی کورد کە سەدەیەک زیاترە لە ڕووی سیاسی و کولتووری و زمان و نەتەوە لە ژێر دابەشبوون و پارچەبووندا دەناڵێنین، ستەمی نەتەوەییمان لەسەرە؛ بۆ دەبێ ئەمڕۆ ئێمە بەدەستی خۆمان لە بەشێکی ڕزگارکراوی وڵاتەکەمان ئەو هەموو زمانە بۆ نەتەوەکەمان دروست بکەین.

حەسەنپوور و هاوبیرانی باوەڕیان وایە بە دابینکردنی مافی یەکسانی بۆ لەهجەکان، کورد بە یەکگرتوویی دەمێنێتەوە، بەڵام هەرگیز بیر لەوە ناکەنەوە کە کورد لە نێو ئەم هەموو لەهجە زۆر و زەوەندە چۆن بە یەکگرتوویی دەمێنێتەوە ئەگەر نەتوانن بە زمانێکی هاوبەش لەگەڵ یەک بدوێن و نەتوانن بە زمانێکی یەکگرتوو نووسین و بەرهەمی یەکدی بخوێننەوە. کامەیان دەبێتە مایەی دابەشکردنی نەتەوە: یەکزمانی، یان فرەزمانی؟

ئەوەی ئەوان بۆ زمانی کوردی داوای دەکەن، تا ئێستا هیچ زمانناسێک ئەو کارەی بە زمانەکەی نەکردووە. هەر میللەتێک لە قۆناغی بە ستانداردکردنی زمانەکەیان بە گیانی هاوکاری و لەیەکگەیشتن و قوربانیدان پێکەوە لەسەر لەهجەیەک ڕێک کەوتوون و بوون بە خاوەن زمانێکی یەکگرتوو. ئەزموونی بەستانداردکردنی زمانەکانی دنیا، هەموو ئەم ڕوانگە زمانییە نیشان دەدەن. لە سەرەوە ئاماژە بە ئەزموونی زمانی ئەلبانی و نەتەوەی ئەلبانی درا، کە نەتەوە بۆ دروستکردنی ئەم زمانە، دەبێ سیاسەت و پلانی هەبێ، زمانەوان و ڕۆشنبیرانیان بۆ گەیشتن بەم ئامانجە نەتەوەییە هاوکار و ڕێنیشاندەر بن.

## لەهجە و زمانی ستاندارد

68 - Herbert Schendl, Historical Linguistics, Oxford University press, 2001. P. 3.

هیچ گومان لەوەدا نییە کە بە هۆی هەژموونی زمانی ستانداردی ڕەسمیی وڵات، لەهجەکان بەرەبەرە لە زمانی ستاندارد نزیک دەبنەوە و جیاوازی لەهجەییش کەم دەبێتەوە، بەڵام ئەمە بە مانای مەرگی لەهجەکان نییە، هەموو زمانێک لەگەڵ لەهجەکانی بەم پرۆسەیەدا تێپەڕیوە. لەهجەش، وەک لە ئەزموونی زمانانی دنیادا هەیە، دەکرێ بە شێوازی جیاواز بوونی خۆی بپارێزێ.

ئەگەر لە باشووری کوردستان زمانی ستاندارد یەکلا کرایەوە، هەموو زار و بنزارەکانی دی وەک بادینی و هەورامی و کەڵهوری، هەتا بنلەهجەکانی دیکەی کوردیی ناوەندی وەک گەرمیانی، سلێمانی، سۆرانی، دەکرێ بە پلانێکی زمانیی پێشکەوتوو لە زۆر بواری هونەری و ئەدەبی و کولتووریی بەکار بێن و بایەخی لەهجەیی خۆیان لە دەست نەدەن و درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن.

لێرەدا جێگەی خۆیەتی باسی لەهجەی میسری بکەین کە لەهجەیەکی ئاخاوتنی دەوڵەمەندی زمانی عەرەبییە؛ ئەم لەهجەیە بەشێکی زۆری عەرەب قسەی پێ دەکەن؛ میسر وڵاتێکی پڕ لە دانیشتوانە، بە هۆی ئەوەی کە ئەم لەهجەیە لە بواری هونەری وەک شانۆ و دراما و تەمسیلی و سینەما، گۆرانی .. تاد لە میدیای وڵاتە عەرەبییەکان بە شێوەیەکی فراوان بە کار دێت، بووە بە لەهجەیەکی باڵادەستی نێو لەهجەکانی زمانی عەرەبی، لە سەرانسەری وڵاتانی عەرەبی دەتوانن تێی بگەن، یان قسەی پێ بکەن. وەک دەبینین زمانی ستانداردی عەرەبی کە پێی دەڵێن عەرەبی «فصحی» لەهجەی میسری لە ناو نەبردووە و مافی بەکارهێنانی لەهجەکەی لێ زەوت نەکردووە. دەکرێ لەبارەی لەهجەکانی دیکەی عەرەبی وەک لوبنانی و عێراقی و سووری و مەغریبی...تاد هەمان شت بگوترێ. بەپێی تیورەکەی ئەمیری حەسەنپوور بێ، ئەوە هەموو گەلانی عەرەبی دووچاری چەوسانەوەی زمانی هاتوون، چونکە لەهجەکانیان نەکراون بە زمانی ستانداردی نووسین و خوێندن، شۆڤێنیزمی زمانی ستانداردی عەرەبی بە لەهجەی قوڕەیشی هەموو مافە زمانییەکانی گەلانی عەرەبی پێشێل کردووە..! نەخێر ئەم زمانە ستانداردە عەرەبییە، گشت نەتەوەی عەرەبی هەر لە خەلیجەوە تا ئۆقیانووسی ئەتڵەسی گەیاندووەتەوە یەک، دەتوانن بە زمانێکی یەکگرتوو، ئەلفوبێیەکی یەکگرتوو لەگەڵ یەک بدوێن و بەرهەمی ئەدەبی و هونەری و شارستانی یەکدی بخوێننەوە. ئەم زمانە ستانداردە وای کردووە هەموو عەرەب سەرەڕای جیاوازیی کولتووریی و مێژوویی و جوگرافی، سەرەڕای بوونی زیاتر لە بیست

دەوڵەتی عەرەبی سەربەخۆ، بە هۆی ئەم زمانەوە لەگەڵ یەک پێوەندیان هەبێ و هەست بە ئینتیما بۆ یەک نەتەوە بکەن.

لەم سەردەمی بە جیهانیبوونە و زاڵبوونی زمانە گەورەکانی جیهان، بەتایبەت زمانی ئینگلیزی، زمانە بچووکەکان لەبەردەم ئەم شەپۆلە توندەی بەجیهانیبوون توانای خۆگرتنیان نییە و وەک گەڵای دار هەڵدەوەرن. ئەمڕۆ لە جیهاندا هەر دوو هەفتە جارێک زمانێک لەناو دەچێت و دەمرێت، هەندێک لە شارەزایانی زمانناسی پێشبینی ئەوە دەکەن کە لەو حەوت هەزار زار و زمانەی کە ئەمڕۆ لە دنیا قسەی پێ دەکرێ، ڕەنگە تا کۆتایی سەدەی بیست و یەکەم تەنیا ٦٠٠ زمانێک بمێنێتەوە(٦٩). بۆیە نەک هەر زمانی کوردی، بەڵکو زمانە زیندووەکانی ئەوروپاش کە بە ژمارە کەمن و تەنیا لە وڵاتەکانی خۆیاندا بەکار دێن وەک هۆڵەندی و سوێدی و دانیمارکی و...تاد ترسی ئەوەیان هەیە لە پاشەڕۆژدا زمانەکانیان بایەخی نەمێنێت و زمانێکی جیهانی جێگەی بگرێتەوە، ئەمە چ جای زمانی کوردی کە زمانێکی یەکگرتوو و بەهێز و فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی نووسینی نییە، کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی نییە، تەنیا بە شێوەیەکی مەحەلی بە کاردێت. ئاخۆ چارەنووسی ئەو هەموو لەهجە ستانداردەی کوردی چی بەسەر بێت؟ یان ئەو ستانداردەی بۆ بنلەهجەی بادینی پێشنیاز دەکرێ لەبەردەم ئەم گەردەلوولە توندەدا چۆن خۆی دەگرێ. چۆن دەتوانێ بکەوێتە سەرپێ و ببێ بە زمانێکی ستانداردی پتەو و وەڵامی ئەو هەموو پێویستییانە بداتەوە، لەم سەردەمە جەنجاڵەی ئەمڕۆدا چۆن دەتوانێ درێژە بە بوونی خۆی بدات؟ وەک دیارە لەم سەردەمە پاشەڕۆژ بۆ زمانە بەهێزەکانە، بۆیە ئەگەر زمانێکی کوردی بەهێز هەبێت و هەموو لەهجەکان لە خۆی کۆ بکاتەوە، ئومێدی بەردەوامبوون و مانەوەی زۆر زیاترە، لە بوونی کۆمەڵێک زمانی بچووک و بێهێز.

حەسەنپوور و هاوبیرانی بە تیۆری داوای بەستانداردکردنی لەهجەکان دەکەن، بەڵام هەرگیز باسی ئەوە ناکەن ئەمە چۆن جێبەجێ دەکرێ و میکانیزمەکەی چییە و چۆنە؟ باسی ئەوە ناکەن ئەدی کورد بۆ ئیدارە و سیستمی خوێندن لە قوتابخانە و زانکۆکان بە چ

---

69 - David Crystal, English as a Global Language, Cambridge University Press. Cambridge, 2003. P. 339.

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە مردنی زمانەکان بڕوانە ئەم ماڵپەڕە:

www.nationalgeographic.com/mission/enduringvoices

زمانێک بێ، ئەوان ڕەنگە بڵێن هەر ناوچەیەک بە لەهجەکەی خۆی بێ، ئایا ئەمە تا چەند کارێکی عەمەلییە، لە باشووری کوردستان چوار زمانی ئیداری هەبێ و چوار زمانی خوێندنی پەروەردە و چوار زمانی خوێندنی زانکۆ هەبێ. بۆ نموونە کتێبی جوگرافیا و مێژوو، یان بیرکاری دەبێ بە چوار لەهجە چاپ بکرێن، هەر قوتابییەکی کورد بە لەهجەکەی خۆی بخوێنێ و هیچ کامیان لە یەکدی تێ ناگەن، هیچ کامیشیان نووسینی ئەوی دی نەخوێنێتەوە، ئایا ئەمە دەبێ بە چی؟ ئەو وڵاتە چی بەسەر دێ؟ چ ئاژاوەیەکی زمانی بۆ ئەو نەتەوەیە دروست دەبێ؟

## حکوومەتەکانی عێراقی و جووت ستانداری زمانی کوردی

دوای دامەزراندنی یەکەم حکوومەتی عێراقی لە ساڵی ۱۹۲۱ و کۆمیتەی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لە ڕاپۆرتی خۆیدا بۆ یەکلایی کردنەوەی ویلایەتی مووسڵ لە نێوان عێراق و تورکیا، یەکێک لە مەرجەکانی لکاندنی ولایەتی مووسڵ بە عێراقەوە ئەوە بوو کە دەبێ حکومەتی عێراق مافی خوێندن بە زمانی کوردی و زمانەکانی دیکەی پێکهاتەکانی ئەم ویلایەتە وەک تورکمانی و سریانی دابین بکات. لە ساڵی ۱۹۲٦ ویلایەتی مووسڵ بە عێراقەوە لکێندرا، ئەم مەرجە، حکوومەتی عێراقی ناچار کرد، مافی زمانی کوردی بخاتە ناو سیستەمی پەروەردەی عێراقەوە. سەرەڕای بوونی ئەم مەرجە بۆ بە ڕەسمی ناسینی زمانی کوردی لە عێراقدا، کەچی حکوومەتە بەرەودواکانی عێراق هەوڵیان نەداوە بە جددی ئەم مەرجە جێبەجێ بکەن، لەپاڵ ئەوە هەوڵی پارچەکردنی زمانی کوردییان داوە.

هەوڵدان بۆ لەتکردنی زمانی کوردی و خوێندن بە دوو لەهجە، بەتایبەت لە باشووری کوردستاندا، هەر لە زووەوە حکوومەتی عێراقی سەردەمی مەلیکی پلانی بۆ داڕشتووە. لە ساڵی ۱۹۳۱ کاتێک حکوومەتی ئەوسای عێراق، قانوونی زمانە مەحەلییەکان (قانوون اللغات المحلیە) دەردەکات، لە یەکێک لە بەندەکانی ئەم قانوونە ڕێگە خۆش دەکات بۆ خەڵکی بادینان و قەزا کوردنشینەکانی مووسڵ بە لەهجەکەی خۆیان بخوێنن. لە دەقی بەندی هەشتەمی ئەم قانوونەدا هاتووە: "لە قەزاکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکووک کە لەم یاسایە ئاماژەی پێ کراوە "شێوە"ی زمانی کوردی ئەو شێوەیەی ئێستا دەبێت، بەڵام لە قەزاکانی لیوای مووسڵ کە لەم یاسایە ئاماژەی پێ کراوە، ئەوە خەڵکی ئەو دەڤەرانە ئازادن لەوەی چ "شێوە"یەکی زمانی کوردی بەکار بهێنن، ئەمەش لە ماوەی ساڵێک لە

جێبەجێکردنی ئەو یاسایەوە پەیڕەو دەکرێ"(٧٠). لێرەدا بە ڕوونی دیارە کە حکوومەتی ئەوسای عێراق، مافی یەک زمان بۆ نەتەوەی کورد بە ڕەوا نابینێ، زمانی کوردییش وەک چەند زمانێکی ناوچەیی و مەحەلی سەیر دەکا و پێی ئاساییە چەند زمانێکی کوردی هەبێ. لە ئاست ئەم سیاسەتە دابەشکارییە زمانییە، محەمەد ئەمین زەکی بەگ، هەڵوێستێکی کوردانە و بوێرانە وەردەگرێت و زۆر بەتوندی ڕەخنە لەم قانوونە دەگرێت، یاداشتێک بۆ حکوومەتی عێراق و مەلیک فەیسەڵ دەنێرێ و لە نامیلکەیەکدا بە ناوی «دوو تەقەلای بێ سوود» کە لە ساڵی ١٩٣٥ چاپ و بڵاو بووەتەوە، باوەڕی وایە ئەگەر لە کوردستانی عێراق بە دوو لەهجە بخوێندرێ، ئەوە " یەکێتیی زمانی کوردی تێک ئەدرێ. کە ئەمە ئەبێتە سەبەبی عاجزی و نەفرەتی کورد و قەت دەلالەت لە حوسنی نییەتی حکوومەت ناکا دەرحەقیان"(٧١).

حکوومەتەکانی دواتریش کە هاتوونەتە سەر کار لە عێراق، بەردەوام هەوڵی پەراوێزخستن و ڕیشەکێشکردنی زمانەکەیان داوە، ئەگەر بۆشیان نەکرا بێ، لەپاڵ پێدانی چەند مافێکی زمانی، هەوڵی دوو لەتکردنی زمانەکەیان داوە بۆ دوو زمان، یانیش خەڵکی بادینانیان بەتەواوەتی لە خوێندن بە زمانی کوردی بێبەش کردووە. لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیستەم، ڕژێمی بەعسی عێراقی کە پلانی ڕیشەکێشکردنی هەموو کورد و زمانی کوردی لە عێراق گرتبووە بەر، بە کۆمەڵکوژیی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە مامەڵەی لەگەڵ کورد دەکرد، لە هەموو کورد ئاشکرا بوو کە ڕژێمی بەعس هیچ هەنگاوێک بۆ زمانی کوردی و فەرهەنگی کوردی هەڵنانێت، مەگەر بە مەبەستی سڕینەوە و ڕیشەکێشکردن و شێواندنی زمان و فەرهەنگی کوردی نەبێت. لەو ڕۆژە سەختانەدا ئەم ڕژێمە بە مەبەستی قووڵکردنەوەی جیاوازیی زمانی لە نێو کورد و خستنەوەی دووبەرەکی، لە بەغدا دوو ڕۆژنامە بە زمانی کوردی دەردەکات: «ئاسۆ» بە لەهجەی کوردیی ناوەندی، «بزاڤ» بە لەهجەی کوردیی باکوور بە شێوە بادینییەکەی. وەک دەبینین ئەم جووت ستانداردییەی

---

٧٠ - سەلام ناوخۆش، یاسای زمانە ناوچەییەکان، یەکەم هەوڵی حکوومەتی عێراقی بۆ دابەشکردنی کوردی باشوور بۆ دوو نەتەوە، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە ١٢ ساڵی ٢٠١١. ل١١٥-١١٦.

٧١ - ئەمین زەکی بەگ، محەمەد، دوو تەقەلای بێ سوود، لە کتێبی "سەرجەمی بەرهەمی محەمەد ئەمین زەکی بەگ"، بڵاوکراوەی بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٥. ل٦٦.

ئەمڕۆ هەر ئەو بەرنامە کۆنەیە، ئەم جارە لە ڕێی ڕۆشنبیران و زمانناسانی کورد بانگەشەی بۆ دەکرێ و هەوڵی جێبەجێکردنی دەدرێ، ئەمجارە نەک تەنیا بۆ دوو ڕۆژنامە، بەڵکو بۆ دوو زمانی ستاندارد و دوو هەرێمی زمانی..!

## ئەنجامی باسەکە

هەر نەتەوەیەک لە پرۆسەی بەنەتەوەبوونیدا، هەوڵ بۆ پێکهێنانی زمانێکی یەکگرتووی ستاندارد دەدات، بۆ ئەوەی گشت ئەندامەکانی ئەو نەتەوەیە یەک زمانی نووسین و خوێندنیان هەبێت. بەدووستانداردکردنی دوو لەهجەی زمانی نەتەوەیەک، یان بەکارهێنانی هەموو لەهجەکانی بۆ نووسین، بێجگە لەوەی کە زمانەکە هەرگیز یەکگرتوو نابێ، لە پاشەڕۆژیشدا ئەنجامێکی ترسناک و خراپی بۆ سەر نەتەوەکە و زمانەکە دەبێ.
لەو وڵاتانەی کە جووت ستانداردی زمانی هەیە، بارودۆخەکەی تەواو لەگەڵ بارودۆخی زمانی کوردی و نەتەوەی کورد جیاوازە، بۆیە ناکرێ وەک نموونە بۆ زمانی کوردی سوودی لێوەرگیرێ. ئەزموونی نەرویج ئەوە نیشان دەدات کە جووت ستانداردی ئەزموونێکی سەرکەوتوو نییە بۆ یەک نەتەوە. هەرچەندە بە هۆی بارودۆخی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە وڵاتەکە جێبەجێ کراوە، بەڵام دەسەڵاتی نەرویجی و ڕۆشنبیران بەردەوام هەوڵی ئەوەیان داوە نەتەوەی نەرویجی و زمانەکەی لە زمانێکی هاوبەش و یەکگرتوودا کۆ بکەنەوە. ئەزموونی زمانی ئەرمەنییش ئەوە نیشان دەدات کە سەرەڕای جووت ستانداردی زمانەکەی، بەڵام لە وڵاتەکەیان هەر یەک ستاندارد بە ڕەسمی ناسراوە، ئەوەی دی لەلایەن ئەرمەنەکانی تاراوگە لە ئەورووپا و ئەمەریکا لە بواری خوێندن و کاروباری دینی بەکار دێ، زمانی ستانداردی ڕەسمیی وڵات نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەموو ئەرمەنەکان هەوڵ دەدەن هەردوو ستاندارد بکرێن بە یەک. ئەزموونی زمانی ئەلبانییش، کە نموونەی زمانێکە ماوەیەک جووت ستاندارد بووە، بەڵام دواتر، لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو گشت ئەلبانەکان لەسەر یەک زمانی ستاندارد ڕێک دەکەون. ئەمەش دووبارە پشتگیریی لەو ڕایە دەکات کە یەک نەتەوە، ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بە جووت ستانداردی بەردەوام بێت، بەڵام لە کۆتاییدا دەبێ هەر لەسەر یەک زمانی ستاندارد بۆ نەتەوە ڕێک کەون. ئەزموونی ئەم سێ زمانە ئەوە نیشان دەدەن کە جووت ستانداردی زمانی بۆ نەتەوەیەک دیاردەیەکی دروست و گونجاوی زمانی نییە، نامۆیە بە پرۆژەی

نەتەوەسازی، کێشە و گرفتی زۆر بۆ وڵاتەکە و نەتەوەکە دەخوڵقێنێ. ئەگەر لە بارودۆخێکی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتییش بە ناچاری بۆ زمانی نەتەوەیەک هاتبێتە پێش، ئەوە ئەو نەتەوەیە هەمیشە هەوڵی یەکگرتن و یەکخستنی زمانەکەی داوە.

جووت ستانداردی بۆ زمانی کوردی کە لە چوار لەهجەی سەرەکی پێک دێت، دیاردەیەکی نەگونجاو و ناپەسندە؛ جێبەجێکردنی لە باشووری کوردستاندا زەمینە بۆ هەموو لەهجە سەرەکییەکانی دی خۆش دەکات کە ئەوانیش هەمان ڕێچکەی بەستانداردبوون بگرنە بەر.

کەواتە ئەو جووت ستانداردییەی کە ئەمیری حەسەنپوور و هاوبیرانی بۆ باشووری کوردستان دەیخەنە ڕوو، دووبارەکردنەوەی ئەزموونێکی پڕ لە گرفت و کێشە و دووبەرەکیی زمانییە لە نێو یەک نەتەوەدا، جێبەجێکردنیشی لە هەرێمی کوردستاندا، ئاژاوەیەکی زمانی لێ دەکەوێتەوە، ڕەنگە ئەو کاتەش چارەسەرکردنی زۆر دژوار بێت. لە ئەنجامیشدا وەک یەک نەتەوە هەر دەبێ لەسەر یەک زمانی ستاندارد ڕێک بکەونەوە.

## سەرچاوەکان


1. Arshi Pipa,The politics of language in socialist Albania, Columbia University Press, 1989.
2. Amir Hassanpour, Nationalism and Language in Kurdistan, 1918-1985. San Francisco, Mellen Research University Press, 1992.
3. David Crystal, English as a Global Language, Cambridge University Press. Cambridge, 2003.
4. Ernst Håkon Jahr, Norwegian, Germanic Standardizations, past to present, edited by Ana Deumert and Wim Vandenbussche, John Benjamins Publishing Company Amsterdam /Philadelphia, 2003.
5. E. J. Hobsbawm, Nations and Nationalism since 1780. Programme, Myth, Reality, Cambridge University press, 1990.
6. Ernst Håkon Jahr, The standardization of modern Norwegian: origin, development and prospects ’’ (Reunió ordinària de la Secció Filològica de l’IEC, 18 de gener de 2008).
7. Gjert Kristoffersen, The phonology of Norwegian, Oxford University Press, 2000.

8. Herausgegeben von, Ulrich Ammon, Sociolinguistics: an International Handbook of the Science of Language and Society, Volume 3, Thomas Muntzer, Berlin, 2006.
9. Herbert Schendl, Historical Linguistics, Oxford University press, 2001.
10. Janet L. Byron, Selection among alternates in Language Standardization: The Case of Albanian, Mouton & Co, Netherlands, 1976.
11. Johan Myking, Standardization and language planning of Terminology: The Norwegian experience, International Congress on Terminology, Donostia, San Sebastian, 1997.
12. Jasmine Dum-Tragut, Armenian, Modern Eastern Armenian, John Benjamins Pub. Company, Philadelphia, 2009.
13. Kevork B. Bardakjian and Robert W. Thomson, A textbook of western Armenian, Delmar, New York: Caravan Books, 1977.
14. Larson Karen A, Learning without lessons: socialization and language change in Norway, University Press of America,1985.
15. Leonard Newmark, Standard Albanian: a reference grammar for students, Stanford University Press, 1982.
16. Robert Elsie, Historical Dictionary of Albania, second edition, The Scarecrow Press, Inc. 2010.
17. Tore Janson, The History of Languages, An Introduction, Oxford Textbook in Linguistics, Oxford University Press, 2012.
18. Xhevat Lloshi, Albanian, Handbuch der Sudosteuropa Llinguistik, Harrassowitz Verlag Wiesbaden,1999.

١٩. ئەمیری حەسەنپوور، شۆڤینیسمی سۆرانی و ئەفسانەکانی، بەشی یەک، هەفتەنامەی فەرهەنگ، پاشکۆی ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە ٢٢، ئاداری ٢٠١٠.
٢٠. ناسر مینبەری، چاوپێکەوتنێک لەگەڵ دکتۆر ئەمیر حەسەنپوور، گۆڤاری مەتین، ژمارە ١٩٠، ساڵی ٢٠١٠.
٢١. ئەمیری حەسەنپوور، شۆڤینیسمی سۆرانی و ئەفسانەکانی، بەشی یەک، هەفتەنامەی فەرهەنگ، پاشکۆی ڕۆژنامەی هەولێر، هەولێر، ژمارە ٢٢، ئاداری ٢٠١٠.
٢٢. د. فؤاد حمه خورشید، اللغة و اللهجات الكوردية، دار الثقافة و النشر الكردية، بغداد، ٢٠٠٥.

٢٣.سەلام ناوخۆش، یاسای زمانە ناوچەییەکان، یەکەم هەوڵی حکوومەتی عێراقی بۆ دابەشکردنی کوردی باشوور بۆ دوو نەتەوە، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە ١٢/ ٢٠١١.
٢٤.ئەمین زەکی بەگ، محەمەد، دوو تەقەلای بێ سوود، لە کتێبی "سەرجەمی بەرهەمی محەمەد ئەمین زەکی بەگ"، بڵاوکراوەی بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٢٥.مصاحبە با پروفسور امیر حسن پور، زبان، زبانشناسی و زبان کوردی، کوردناسی، گاهنامە فرهنگی، سیاسی، اجتماعی، سال اول، شمارە ١ /٢٠٠٨.

## سەرچاوەی ئینتەرنێتی بە ئینگلیزی

Brief History of the Norwegian language? A summary of 1500 years
http://www.norwaves.com/brief-history-norwegian-language-summary-1500-years.html accessed 2012.
Albanian Language
www.albanianlanguage.net accessed 2012.
Language of India
https://en.wikipedia.org/wiki/Languages_of_India accessed 2012.
Enduring voices
www.nationalgeographic.com/mission/enduringvoices accessed 2012.

## سەرچاوەی ئینتەرنێتی بە کوردی

حەسەنی قازی، زۆربەی زمانەکان فرەستەندەرد و فرەناوەندن
http://ruwange.blogspot.com/2008/05/blog-post_26.html accessed 2012.
هێدی، چاوپێکەوتن لەگەل د. جەعفەر شێخولئیسلامی
http://hedih.blogspot.com/2004/02/blog-post_23.html accessed 2012.
ئەمیری حەسەنپوور، کوردی وەک زمانێکی جووت ستاندارد
http://www.kurdishacademy.org/?q=node/ accessed 2012.
جەعفەر شێخولئیسلامی، پێشوازی لە هەڵوێستی پرۆفسۆر ئەمیری حەسەنپوور بۆ وڵامدانەوە بە پەیام بۆ"بە فەرمیی کردنی کرمانجیی خواروو" پشتیوانی لە زانستە
http://ruwange.blogspot.com/2008/04/blog-post_30.html accessed 2012.
وتووێژ دەگەڵ دکتۆر ئەمیری حەسەنپوور، زمان و زاراوە.
http://hedih.blogspot.com/2004/02/blog-post_07.html accessed 2012.